دابینكردنی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكی فیدراڵیدا

# كوردستان

ژمارە: ٤٨٠

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان ـ ئێران

سێشەممە ● ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ ● ١٩ی فێوریەی ٢٠٠٨ ● ١٥٠ تمەن



شۆڕشی دوێنێو نەوەی ئەمڕۆ

٢ ●●●..



هەڵبژاردن لە ئێران‌دا، ئەو ڕێگەیەی بەرەو...

٤ ●●●..

# دەنگ نادەین

## بەرەو دەنگ نەدانێكی واتادار

عەولا بەهرامی

بازارگەرمی یان بەواتایەك ئامادەكاریەكانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی هەشتەم لە حالێكدا دەكرێن كە یەكەم: هەیئەتە جێبەجێكارەكان (هیأت هاى اجرایی)و شووڕای نیگەهبان میتۆد گەلی تایبەتیان بۆ هەڵاواردنو بژێرەكردنی كاندیداتۆرەكان گرتۆتەبەر. بە چەشنێك لە لایەك دەیانهەوێ ئەو كەسانەی لەو بەناو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەكەن چەندی دەكرێ سەر بە قۆڵی پاوانخوازو خۆییەكانی دەوڵەتو ڕێبەری بنو لە لایەكی دیكەشەوە كارێك بكەن بە هێشتنەوەی هێندێك لە كاندیداتۆرە بەناو ریفۆرمخوازەكان یان گرووپە جۆراوجۆرەكانی نێو ڕێژیم هەر چۆنێك بووە زەینیەتی یەكدەست بوونی كاندیداكان بسڕنەوەو بەم چەشنە بیرێكیان لە گەرمكردنی بەناو هەڵبژاردنەكەش كردبێتەوە.

دووهەم: جگە لەوەی تەواوی ئامادەكارییەكانی بەناو هەڵبژاردن نیشاندەری داخراویی هەرچی زیاتری فەزای سیاسیی ئێرانو بێبەریكردنی خەڵك لە دەسەلاتو هەڵبژاردنو هەڵبژێرانو هەروەها ئەو شتەیە كە یەكدەستكردنەوەی هەمەلایەنەی دەسەلاتی پێ دەگوترێ، لە هەمان كات دا هەر لەو كەشی بە ناو هەڵبژاردنو دێموكراسییە!! سەیرو سەمەرەیەی كۆماری ئیسلامی‌دا سەركوتو ئێعدامو لە ژێرپێنانی مافە سیاسیو كۆمەلایەتیو مرۆییەكانی هاووڵاتیان بە توندترین شێوە درێژەی پێ دەدرێ. كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی لە حالێكدا لە تەپڵی دێموكراسیی ئیسلامی!! دەدەن كە ڕۆژ نیە هەواڵی كوشتنی هاووڵاتیان لە شوێنە جۆراوجۆرەكانو بە تایبەت لە كوردستان، ئێعدامو جێبەجێ كردنی سزای شەرعی ئەویش بە شێوازە هەرە قێزەونەكانی، ئێعدامی مندالان، دەستبەسەر كردنی ڕۆژنامەنووسانو چالاكانی خوێندكاریو مافەكانی ژنانو.... لە راگەیەنە گشتیەكانەوە بلاو نەبێتەوە. هەموو ئەو راستیانەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بلێین بەشداری كردن لە هەڵبژاردنێكدا كە سیستمێكی سەرەڕۆی وەك كۆماری ئیسلامی ئەویش بەو تایبەتمەندییانەی كە هەڵبژاردن لەو ڕێژیمەدا هەیەتیو لەو فەزا پڕ لە سەركوتو توندوتیژییەی كە ڕێژیم بەسەر كۆمەڵانی خەڵكیدا زاڵ كردوە شتێكی بە تەواوی بێسوودە. جگە لەوە بەشداری لەو چەشنە هەڵبژاردنانەدا یارمەتی بە ئەو رەواییە بەدرۆیەش دەكا كە ڕێژیم دەیەوێ وەدەستی بێنێو لە دنیای دەرەوەدا خۆی پێوە رابنێ. بەڵام هەر لەو كاتەشدا دەبێ بگوترێ كە پرۆتستۆ (تەحریم)ێكی بێبەرنامەو نارێكخراویش ناتوانێ ئەو كاریگەرییەی هەبێ كە چاوەڕوان دەكرێ. بۆ ئەوەی بەشداری نەكردنی خەڵك لە هەڵبژاردندا ببێتە هەنگاوێكی نارەزایەتییانەو جۆرێك نافەرمانیی مەدەنی پێویستە هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی بە چەشنێك كاریگەرییان لە سەر خەڵك هەیە بە پێی بەرنامەو پلانێكی دارێژراوو بەسوود وەرگرتن لە تواناییە راگەیەنەییو رێكخراوەییەكانیان خەڵك بەرەو ئەوە هاندەنو بێننە مەیدان كە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بە وەڕێ خستنی خۆپیشاندانی نارازییانە یان مانەوە لە ماڵەكانیان هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە كۆی سیاسەتەكانی ڕێژیم نیشان بدەنو لە راستیدا ئەم چەشنە هەڵبژاردنە بكەنە راپرسییەك سەبارەت بە سیستمی كۆماری ئیسلامی.

دەریاسالار مەك كانێل:

## مەودای ئێران لەگەڵ بۆمبی ناوكی، دوو تا حەوت ساڵە



دەریاسالار مایك كانێل سەرۆكی ڕێكخراوی مەزەندە كردنی هەواڵگریی نیشتمانیی ئەمریكا، ڕۆژی یەك شەممە(٢٨ی ڕێبەندان) لە وتووێژێك لە گەڵ كاناڵی تلویزیۆنیی فاكس‌دا گوتی:"ئەم شیمانەیە هەیە كە ئێران لە نێوان ساڵەكانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٥ دەستی بە بۆمبی ناوكی رابگا."

ئەو هەروەها گوتی: ئەم شیمانەیە لاوازە كە ئێرانییەكان تا ساڵی ٢٠٠٩ دەستیان بە بۆمبی ناوكی رابگا.

دەریاسالار مەك كانێل گوتی: شیمانەی من ئەمەیە كە ئێران، لە نێوان دوو تا حەوت ساڵدا بۆمبی ناوكی وەدەست بێنێ.

ڕێكخراوی "مەزەندەكردنی هەواڵگریی نیشتمانیی ئەمریكا" لە مانگی سێپتامبری رابردوودا سەبارەت بە ئێران راپورتێكی بلاو كردۆتەوەو ئاماژەی بەوە كردوە كە: "ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەكی ناوكیی راگرتوە، بەڵام درێژەی بە پیتاندنی یۆرانیۆم داوە.

ئەم راپۆرتە لە سەر بنەمای راپۆرتەكانی ١٦ ڕێكخراوی هەواڵگریی ئەمریكا دارێژرابووو بلاو بوونەوەی بووتە هۆی وروژانی گەنگەشەی زۆر لە كۆڕو كۆمەڵە سیاسیو راگەیەنەكانی جیهان‌دا. بە پێی راپۆرتی هەواڵدەریی ئاسوشیتدپرێس، دەریاسالار مەك كانێل لەم بارەیەوە گوتوویەتی: ئەوان (ئێرانییەكان) پێشتر یەكێك لە لایەنە تێكنیكییەكانی ئەو ( چەكی ناوكی)یان تەواو كردوەو لەوانەیە ئێستا دووبارە ئەم كارە دەست پێبكەنەوە. ئێمە بە دڵنیاییەوە ناتوانین ئاگامان لەم بابەتە هەبێ.

سەرچاوە ماڵپەڕی: رادیۆ فەردا

حەوتوونامەی دێرشپیگلی ئاڵمان:

## بەشداریی عیماد موغنیە

## لە تیرۆری دوكتور سادق شەرەفكەندیو هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میكۆنووس



یۆسی مێلمان لە وتووێژێك دا كە لەگەڵ حەوتوونامەی دێرشپیگلی ئاڵمانی‌دا كردوویەتی گوتوویەتی موغنیە دەستی هەبووە لە تیرۆری سكرتێری حیزبی دێموكراتی كوردستانو هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میكۆنووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان لە ساڵی ١٩٩٢دا.

لە وڵامی پرسیارێك دا كە ئایا كێ بەرپرسیارە لە كوشتنی ئەم گەورە تیرۆریستەی حیزبوڵڵای لوبناندا یۆسی مێلمان دەڵێ: ئەگەر باری تیئۆریی ئەم كارە بخەینە بەرچاو ئەوە خەڵكانێكی زۆر هەن كە بۆ ئەم كارە جێگای پرسیارن. چونكە ناوەندە ئەمنییەتییەكانی زۆرێك لە وڵاتەكان بەدوای عیماد موغنیەوە بوون بۆ نموونە لە ئەمریكا، ئینگلیسو ئاڵمان لە لیستی ئەو تیرۆریستانەدا بوو كە زۆر بە جیدی بەدوایان دا دەگەڕان. عیمام موغنیە لە تێرۆرەكانی ئاڵمانیش دا بەشداریی كردوەو من پێم وایە لە تیرۆری میكۆنووس دا دەستی هەبووە. بەڵام ئیسرائیل زیاتر بەڵگەی لەسەر ئەو لە دەست دایە، و ناشكرێ بڵێین بە تەنیا موساد یان ئۆرگانێكی دیكەی ئیسرائیلی ئەم كارەی كردوە بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین كە ئیسرائیل لەمبارەیەوە لە پلەی یەكەم دایە.


پێویستە بگوترێ كە نووسەرو ڕۆژنامەوانی ئیسرائیلی یۆسی مێلمان یەكێكە لە ناسراوترین كەسەكان كە زانیارییەكی زۆری لە بواری كاركردنی دامودەزگا نهێنیو ئەمنییەتیەكان دا هەیە. تا ئێستا چەند جار خەڵات كراوەو بەتایبەتی وەك هاوكاری نووسەری كتێبە بە ناوبانگەكەی "داستانی موسادو گەشەكردنی و ڕووداوەكانی دەزگای تەناهیو هەواڵگریی ئیسرائیل" ناوی لەم بوارانەدا وەك شارەزا دەركرد.

شایانی باسە عیمام موغنیە گەورە تیرۆریستی گرووپی حیزبوڵڵای لوبنان ڕێكەوتی ٢٣ی ڕێبەندان لە دیمەش پێتەختی سووریە بەهۆی تەقینەوەی ئۆتومبیلێك كوژراو لە ڕێورەسمی ناشتنەكەیدا مەنوچێهر موتتەكی وەزیری كاروباری دەرەوەی ئێرانیش بەشداریی كردبوو.



ژینۆسایدی سپی

٥ ●●●..



موحسین سازگارا"

جیاییخوازی ئاكامی سەركوتی ویستە قومییەكانە

٨ ●●●..

## كۆسۆڤۆ سەر بەخۆیی خۆی راگەیاند




پارلمانی كۆسۆڤۆ ڕۆژی یەك شەممە لە دانیشتنێك‌دا بە فەرمی لەگەڵ سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ ڕەزامەندیی دەربڕیو بەم چەشنە سەرەڕای دژایەتیی سێربستان لەم وڵاتە جیا بۆوە. هاشم تاجیی، سەرۆك وەزیری كۆسۆڤۆ لە دانیشتنی پارلمان دا گوتی: ئێمە ڕێبەرانی خەڵك كە بە شێوەی دێموكراتیك هەڵبژێردراوین، رادەگەیەنین كە كۆسۆڤۆ وڵاتێكی سەر بەخۆو خاوەن ئۆتوریتەیە.

دوابەدوای ئەو بڕیارەی پارلمان ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی كۆسۆڤۆ دەستیان بە شاییو هەڵپەركێو پێشوازییان لەم بڕیارەی پارلمان كرد.

كۆسۆڤۆ تا ساڵی ١٩٩٩ بە یەكێك لە هەرێمەكانی سێربستان دەژمێردراو دوای قەیرانی باڵكانو دابەش بوونی یوگسلاوی بە چەند وڵاتی جیاواز، بەرێوە بردنی ئەو كەوتە ژێر چاوەدێری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

سێربستانو رووسیە بە توندی دژی سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ بوون. ئەمریكاو زۆربەی وڵاتانی ئەندامی یەكیەتی ئورووپاو لە نێو ئەوان‌دا سێ هێزی گەورە بریتانیا، فەرانسەو ئاڵمان پشتیوانییان لە سەر بەخۆیی كوزوۆ كردوەو خوازیاری بە فەرمی ناسرانی هەرچی زووتری ئەو وڵاتەن.

# شۆڕشی دوێنێ و نەوەی ئەمڕۆ

**نەوەیەك كە لە لابردنی دیكتاتۆریی پێشووو ڕووخاندنی كۆشكی ستەم و بێدادیدا سەركەوتوو بوو، لە هێنانەسەركاری ڕێژیمێكی دیكەداو لە گەیشتن بە ئامانجە بەرزەكانی شۆڕش و لە وەدیهێنانی ئازادی و عەدالەتی كۆمەڵایەتیدا شكستی قورسی خوارد**

مستەفا مەعرووفی

لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧(١٢ی فێوریەی ١٩٧٩)دا شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەركەوت. بە پێچەوانەی ئەوەی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی دەیڵێن ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا "شۆڕشی ئیسلامی" نەبوو. بەڵام دواتر ئیسلامییەكان وەك بەشێك لە ڕێبەرایەتیی شۆڕش - دیارە بەشێكی بەرچاو نەك وەك هەموو ڕێبەرایەتی - دەستیان بەسەر داگرتو بە تەواوی شۆڕشەكەیان لە ئامانجەكانی خۆی دوور كردەوەو دەسكەوتەكانیان بە تاڵان برد. ئەو ئامانجانەی گەلانی ئێران خەباتیان لە پێناویان دا كرد، بە تەواوی جیاوازە لەوەی كە ئەمڕۆ وەدی هاتوە. شۆڕش لە ئاكامی كۆمەڵە هۆیەك و بۆ گەیشتن بە ئامانج گەلێك ڕوویدا كە ئێستاش هۆیەكانی هەر لە جێی خۆیانن و ئامانجەكانیش تا ئێستا وەدی نەهاتوون.

### هۆیەكانی شۆڕش

لە ساڵی ١٣٥٧دا كە شۆڕشی گەلانی ئێران سەركەوت، نزیكەی ٨٠ ساڵ دەبوو خەڵكی ئێران بە تایبەت توێژی ڕووناكبیر بۆ ئازادی و دێموكراسی خەباتی دەكردو لەو پێناوەدا نرخێكی زۆری دابوو. هەوڵی جێگیركردنی حكوومەتی قانوون، كەم كردنەوەی دەسەڵاتی شا، دامەزرانی پارلمان و بەشداریی خەڵك لە پرۆسەی سیاسیی وڵات دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ٨٠ی سەدەی ڕابردووی هەتاوی(سەرەتای سەدەی بیستەم) واتە شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لە ١٩٠٦ی زایینیدا. ئەم قۆناغە سەركەوتنی بنەڕەتیی وەدەست نەهێناو ئامانج و مەبەستەكانی بە نیوەچڵی مانەوە. لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا كە دیكتاتۆری و زەبروزەنگی ڕەزاشا نەماو بە هۆی لاوازبوونی دیكتاتۆری، لە كوردستان و ئازەربایجان دەرفەتێكی زێڕین ڕەخساو بۆ ماوەیەكی ٥،٤ ساڵی خەڵكی ئەم ناوچانە پشتیان لە ژێر باری ستەم دیكتاتۆری ڕاست كردەوەو هەناسەیەكی ئازادیان هەڵمژی دوو حكوومەتی دێموكرات و ئازاد: كۆماری كوردستان و حكوومەتی میلليی ئازەربایجان دامەزران و زۆر سەركەوتنی بە نرخیان وەدەست هێنا.

بە زاڵبوونەوەی دیكتاتۆری ئەم دوو هیوایەش بە ناكامی كۆتاییان هات. بەڵام بە هاتنە سەركاری حكوومەتی میلليی د. موسەدیق لە سەرەتای دەیەی ١٣٣٠دا جارێكی دیكە دەرفەتێكی تا ڕادەیەك لەبار بۆ خەڵكی ئێران پێك هات. ئەم قۆناغە كورتەش بە كودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە دژی ئەم حكوومەتە كۆتایی هات و دیسان هەوڵی خەڵكی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی لەگەڵ ناكامی بەرەوڕوو بوو. خەباتی میللەتان بۆ گەیشتن بە ئازادی ڕەنگە شكست بخوا بەڵام هیوای گەیشتن بە ئازادی قەت نامرێ.

لە ساڵی ١٣٢٠(١٩٤١)دا هاوپەیمانان بەشێكی زۆر لە خاكی ئێرانیان داگیر كردو محەممەد ڕەزاشای لاو، واتە كوڕەكەیان لە جێ دانا. كاتێك لە ساڵی ١٣٥٧دا شۆڕش سەركەوت محەممەد ڕەزاشا نزیكەی ٣٧ ساڵ بوو لەسەر كار بووو ئیدی لە دەسەڵات دا پیر ببوو. دەسەڵاتی ئێران لەبەر دەستی ئەودا كۆببۆوەو ئەو هەڵبژاردنە ڕواڵەتییانەش كە بەڕێوە دەچوون كاریگەرییان لەسەر كەم و زۆركردنی دەسەڵاتی ئەو نەبوو. خەڵك دەرفەتی ئاڵوگۆڕ كردنی دەسەڵاتیان نەبوو. دەسەڵات دەستاودەست نەدەكراو دەسەڵاتدارانی واقعی بە دەستی خەڵك هەڵنەدەبژێردران. سەرچاوەو مەشرووعیەتی حكوومەت نەك خەڵك بەڵكوو سیستمی مێراتی بوو كە لە شاوە بۆ بەرەبابەكانی بە میرات دەمایەوە.


هۆیەكی دیكەی شۆڕشی گەلانی ئێران ئاڵوگۆڕی كۆمەڵایەتی - ئابووری بوو كە بە تایبەتی پاش ڕێفۆرم گەلی ناسراو بە "شۆڕشی سپی" پێك هاتبوو. ئەو ڕێفۆرمانەی لە دەیەی ٤٠ی هەتاوی (دەیەی ٦٠ی زایینی)دا لەلایەن حكوومەتەوە كران كە بە تایبەتی لە دابەشكردنی زەوی و زاردا خۆی دەنواند، بوونە هۆی ئەوەی هێزی كاری گوندەكان ڕوو لە شارەكان بكەن و وردە وردە حەشیمەتی ئێران لە حەشیمەتێكی سوننەتیی گوندنشینەوە بوو بە حەشیمەتێكی شارنشین و ئابووریی ئێران لە ئابوورییەك لەسەر بنەمای وەرزێڕی و بەرهەمی كشتوكاڵییەوە بوو بە ئابوورییەكی چەند بەرهەمی و بازاری مەسرەف، بەتایبەتی مەسرەفی بەرهەمی وڵاتانی سنعەتی. لە حاڵێك دا كە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتبوو شێوەی بەرهەمهینانیش گۆڕانی بەرچاوی بەسەر داهاتبووو ببووە هۆی پێكهاتنی چینی نوێی كۆمەڵایەتی وەك بۆرژواكان، سیستمی حكوومەتی هەروەك خۆی بوو. لە حاڵێك دا حكوومەت كە سەرخانی سیستمی كۆمەڵایەتی و ئابوورییە، وەك خۆی مابۆوە بەڵام ژێرخان بە تەواوی گۆڕا بوو. بۆیە گۆڕانی سیستمی كۆمەڵایەتی - ئابووری پێویستیی بە گۆڕانی سەرخان یان حكوومەت بوو، بەڵام حكوومەت ئامادەیی هیچ چەشنە گۆڕانێكی نەبوو.

ستەمی نەتەوایەتی، سەركوتی بێبەزەییانەی ئازادیخوازان و ڕووناكبیران، ئێعدام و ئەشكەنجە، سەركوتی بزووتنەوەی خوێندكاری ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت. سەركوتی خوێندكاران لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢، كودەتا لە دژی حكوومەتی میلليی موسەدیق و... لە مێژووی ئەم قۆناغەی ئێران دا بۆ هەتا هەتایە تۆمار كراون وەك لاپەڕێكی ڕەش لە كارنامەی حكوومەتی محەممەد ڕزا شا دا دەمێننەوە.

ئەم هۆیانەو زۆر هۆی دیكەش كە لەم وتارەدا ناگونجێن بوون بە سەرچاوەی پەرەگرتنی نارەزایەتیی خەڵكی ئێران بە هەموو چین و توێژو نەتەوەیەك و ئایینی جۆراوجۆرەوە.

### كۆماری ئیسلامی و سووڕانەوە لە بازنەی دیكتاتۆریدا

نەوەیەك كە لە لابردنی دیكتاتۆریی پێشووو ڕووخاندنی كۆشكی ستەم و بێدادیدا سەركەوتوو بوو، لە هێنانەسەركاری ڕێژیمێكی دیكەداو لە گەیشتن بە ئامانجە بەرزەكانی شۆڕش و لە وەدیهێنانی ئازادی و



عەدالەتی كۆمەڵایەتیدا شكستی قورسی خوارد. شكستەكە بە ڕادەیەك گەورەو كارەساتبار بوو كە "شۆڕشی ١٣٥٧"ی لە لایەن زۆر كەسەوە بردۆتە ژێر پرسیارەوە.

ئەو نەوەیە لە ڕێفراندۆمی ڕۆژەكانی ١٠و ١١ی خاكەلێوەی ١٣٥٨ دا ملی بۆ سیستمێك ڕاكێشاو مەشرووعیەتی دا بە ڕێژیمێك كە ئێستا نە بە ڕێفراندۆم لادەچێ و نە مل بۆ ویستی خەڵك ڕادەكێشێ. ئەو نەوەیەی لە ڕێفراندۆمی ١٣٥٨دا دەنگی موسبەتی بە سیستمی"كۆماری ئیسلامی"ی داسەپاو لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینیدا - دیارە لە كوردستان بە دەگمەن خەڵك دەنگی پێدا - لەسەدێكی زۆر كەم لە حەشیمەتی ئەمڕۆی، ئێران پێك دێنن. ئەوانەی ئەوكات بە هۆی تەمەنی كەمەوە نەیانتوانی لە ڕێفراندۆم دا بەشدار بن لەگەڵ ئەو نەوەیەی كە دوای شۆڕش لە دایك بوون و ئێستا زۆرینەی حەشیمەت پێك دێنن لە هێنانە سەركاری ئەم حكوومەتەدا دەوریان نەبووە، بەڵام سزای نەوەی پێشوو دەكێشن. ئەم نەوەیەی كە دوێنێ لە دایك بووو مایەی هیواو هومێدی دوارۆژی ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی بووە ئەمڕۆ پێگەیشتوە و مایەی ترس و دڵەڕاوكێی ئەو ڕێبەرانەیە.

ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیكیی كۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەركاریان دا دەیانەویست نەوەیەك لە ئێران دا لە دایك ببێ كە بیرەوەرییەكی لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوو لە مێشك و زەین دانەبێ، بە تەواوی بە ئیدئۆلۆژی و مەرامەكانی ئەم ڕێژیمە پەروەردە بكرێ و وەك بۆ خۆیان دەیانگوت "نەوەیەكی مەكتەبی" بار بێنن. ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە بە هەویا نەبوون سنووری "شۆڕشە ئیسلامی"یەكەیان هەر بە ئێران ببڕێتەوە. ئەوان ئێرانیان بە "ام القری اسلام" ناو دەبردو ڕێبەری ڕێژیمەكەیان بە "امام امت" (پێشەوای موسوڵمانان) یان "ولی امر مسلمین"(سەرپەرستی كاروباری موسوڵمان) ناو دەبرد. ئەوان دەیانویست شۆڕشەكە - باشترە بڵێین ئیدئۆلۆژییەكە - یان بۆ هەموو دنیا بنێرن و بە ئاشكرا باسی "صدور انقلاب" (ناردنە دەرەوەی شۆڕش)یان دەكرد.

بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی كۆمەڵایەتی - سیاسیی درێژخایەنیان دادەڕشت كە یەكێك لەوانە هاندانی خەڵك بۆ زاوزێی زۆر بۆ ئەوەی نەسلێكی زۆر لە دایك ببێ تاكوو بەو ئامانجە درێژخایەنانەیان بگەن. بۆیە باسیان لە پێكهێنانی "ئەرتەشی بیست میلیۆنی" دەكردو ڕێبەری كۆماری ئیسلامی، ئایەتوڵڵا خومەینی دەی گوت "وڵاتێك ٢٠ میلیۆن لاوی هەبێ دەبێ ٢٠ میلیۆن چەكداریشی هەبێ".

هاندانی خەڵك بۆ زاوزێی زۆر بوو بە بەرنامەیەكی هەمەلایەنەو لە ئاكام دا لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش دا حەشیمەتی ئێران بە خێرایی زیادی كرد كە كۆمەڵناسان بەم دیاردەیە دەڵێن "تەقینەوەی حەشیمەت". بە پێی ئامار لە ساڵی ١٣٥٨ ڕا تا ١٣٦٨ هەر ساڵەی ٢ میلیۆن منداڵ لە دایك بووە كە دەكاتە ٢٠ میلیۆن منداڵ. لە ئاكامی ئەم سیاسەتانە دایە كە ئێستا زۆربەی حەشیمەتی ئێران لە نێوان ١٥،٣٠ ساڵی دان.

ئەم نەوەیە كە بە پێی خەون و ئارەزووەكانی ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی دەبوو لەشكری وەدیهێنەری ئامانجەكانیان بێ و هەر لاوێكی ئێران سەربازێكی چەك لەشان لەوپەڕی سنوورەكانی ئێران لە بەرەكانی شەڕدا بووایە، ئێستا نەك هەر نەبوون بە سەربازانی ئەم لەشكرە بەڵكوو دەیانەوێ ئەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێتەوە كە نەوەی پێش خۆیان بۆیان ڕەخساو لە دەستیان چوو.

ئەم نەوەیە بە هەر ڕێگەیەك دا بڕوا بە ڕێگەی كۆماری ئیسلامیدا ناڕوا. بەشێك لەو نەوەیە نەك هەر مەكتەبی بار نەهات بەڵكوو بەداخەوە بە هۆی سیاسەتە هەڵەو دژی ئەخلاقیكانی كۆماری ئیسلامی بەدەست زۆر دیاردەی دزێوی وەك ئیعتیاد، نەخۆشیی وەك خەمۆكی و ئێیدز، بێكارییەوە دەناڵێنێ.

بەشێكی بەرچاو لەو نەوەیە بە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی ئەم ڕێژیمە ڕاوەستاون و سەنگەری زانستگەكانیان لە دژی كۆماری ئیسلامی ئاوەدان كردۆتەوەو بزووتنەوەیەكی بەرین و بەربڵاوی خوێندكارییان لە ئەستۆیە. نەوەی ئەمڕۆ لە خۆپێشاندان و نووسینی دروشم لە شەقامەكان و شوێنە گشتییەكان دا چالاك و هەڵسووڕن، لە هەڵبژاردنە ڕواڵەتییەكان دا یان بەشدار نابن و تەحریمی دەكەن یان دەنگەكانیان بە كەیفی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی لە سندووقەكان ناوێن.

### ئاكام:

ئەو هۆیانەی شۆڕشی گەلانی ئێرانیان لێكەوتەوە ئێستاش هەر لە جێی خۆیانن. ئەو ئامانجانەی شۆڕشیان لە پێناودا كرا، ئێستاش وەدی نەهاتوون. جگەی لەوە ڕێژیمێكی نامەسئوول، دیكتاتۆرترو خوینرێژتر لەسەر كارە. هەر بۆیە بەرەی ئەمڕۆ ئەركی لە بەرەیەك كە ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووخاند قورسترە. بەڵام هەروەك مێژووی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە، ئەگەر تا ئێستا سەركەوتنی یەكجاری وەدی نەهاتوە، شكستەكانیش یەكجاریی نەبوون. ئەوەی جێگەی هیواو گەشبینییە ئەوەیە كە بەرەی ئەمڕۆی وڵاتەكەمان لە هەلومەرجێك و لە سەردەمێك دا دەژی كە سەردەمی پێوەندی- یەكان و شیاریی مرۆڤەكانە. بۆیە ئەم نەوەیەی ئەمڕۆ ئاگایە، ڕەخنەگرەو بەشك و گومانەوە دەڕواننە ڕووداوەكان و كەسایەتی- یەكان، هەر بۆیە توانای دەرس وەرگرتن لە ڕابردوویان تێدا بەهێزەو بە ئاسانی فریو نادرێن. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا كۆتایی بە ڕێژیمێكی دیكتاتۆر هێنا، بەڵام نەیتوانی ڕێژیمێكی دێموكراتی لەجێ دانێ، ئەم نەوەیە توانای هێنانە سەركاری ڕێژیمێكی دێموكراتی تێدا بەدی دەكرێ، هەر بۆیەش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خەبات دەكا.

**هەوڵەكانمان بۆ گۆڕینی دیموكراتیك لەنێو حیزب و كۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## سنە

### ئێعدامی دوو هاووڵاتی سنەیی

ڕێکەوتی ١٤ی ڕێبەندان دوو هاووڵاتی سنەیی بەناوەکانی "بێهزاد نادری" و "ئەرسەلان بەرزگەر" پاش ئەوەی ڕۆژێك پێشتر بەنێو شاردا گێڕابوویان، لە زیندانی سنە ئیعدام کران. شایانی باسە ١٧ پەروەندەی ئاژاوەنانەوە بۆ ئەو دوو کەسە ڕێك خرابوو. هۆی ئیعدام کردنیشیان خواردنەوەی مەشرووب و کێشە لەگەڵ مەئموورانی دەوڵەت بووە.

## مەریوان

### ٤ هاووڵاتی بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێن

ڕێکەوتی ١١ی ڕێبەندان، لە نزیك گوندی "بێلوێ" ی سەر بە شاری مەریوان هێزەکانی ڕێژیم تەقە لە پەیکانێك دەکەن و لە ئاکام دا ٤ کەس لە سەرنشینەکانی دەکوژرێن. تا ئێستا هۆکاری کوشتنی ئەو چوار کەسە و هۆویەتیان نارروونە.

### ڕووداوێکی دڵتەزێن

شەوی ١٢ لە سەر ١٣ی ڕێبەندان لە کەمپی ئاوارەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە نزیك قوشتەپە، ماڵی تێکۆشەرێکی کورد بەناوی ئەنوەر پالانی کوڕی محەممەدساڵح لە ئاکامی بڵاو بوونەوەی گاز لە ماڵەکەیان دا تووشی ڕووداوێکی دڵتەزێن دەبن کە لەودا خۆیو خێزانیو پێنج منداڵی دەخنکێن.

ناوی قوربانییەکان بریتین لەمانە:

١ـ کاك ئەنوەر پالانی ٤٢ ساڵە

٢ــ خوشکە نەجیبە سەفەری خێزانی کاك ئەنوەر، ٣٦ساڵە

٣ــ کەژاڵ پالانی کچی کاك ئەنوەر ١١ساڵە

٤ــ نەشمیل پالانی کچی کاك ئەنوەر ٨ساڵە

٥ــ عومەر پالانی کوڕی کاك ئەنوەر ٧ ساڵە

٦ــ سروە پالانی کچی کاك ئەنوەر ٣ ساڵە

٧ــ ئەدیبە پالانی کچی کاك ئەنوەر ٢ساڵە

تەنیا کەس کە لەو بنەماڵە ڕزگاری بووە کچێکی کاك ئەنوەرە بەناوی ئەمیرە ١٦ ساڵەیە. بەبۆنەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە پڕبە دڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس‌و کاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دەکەین‌و سێبووریان بۆ بەئاوات دەخوازین.

### دوو خوێندکاری مەریوانی دەسبەسەر کران



لە درێژەی دەسبەسەر کردنی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی سەراسەری ئێراندا، دوو خوێندکاری مەریوانییش دەسبەسەر کران.

جەمشید بەهرامی خوێندکاری ڕشتەی هونەری زانکۆی تەورێزو سەلام نەباتی، خوێندکاری ڕشتەی دەروونناسیی زانکۆی پەیامی نووری مەریوان، سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە لەلایەن هێزە بە ناو ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کران.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٧ی فێوریە، هێزەکانی ڕێژیم هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ناوبراوان‌و دوای پشکنینی شتوومەکەکانیان، دەسبەسەریان کردن‌و ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان کردوون.

پێویستە ئاماژە بکرێ، جەمشید بەهرامی ئەکتەری تئاترو یەکێك لە سیما ناسراوەکانی فەرهەنگی‌و هونەریی شاری مەریوانەو چالاکی‌و نووسراوەکانی لە وێبلاکێکدا بە ناوی www.deng.blogfa.com بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها دەگوترێ "محەممەدساڵح ئەیوەن" خوێندکاری مەریوانی کە لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی زانکۆی تاران لەگەڵ ٣ خوێندکاری دیکەی کورد دەسبەسەر کرابوو، چارەنووسی نارروونە.

جێگەی ئاماژەیە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کورد لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی هەشتەمین دەوری مەجلیسدا لە زیندانەکانی ڕێژیمدان کە ناوی هەندێکیان بریتییە لە: هیدایەت غەزالی، سەباح نەسری، یاسر گولی، هانا عەبدی، ڕوناك سەففارزادە، محەممەد ساڵح ئەیوبی، سۆهراب کەریمی، جەواد علیزادە، حەبیبوڵڵالوتفی، جەمشید بەهرامیو سەلام نەباتی.

خوێندکارێکی دیکەی کورد بەناوی فەرشاد دووستیپوور پاش ٥٠ ڕۆژ زیندانی بە گرەوی (وثیقە) ٥٠ میلیون تمەنی ئازاد کراوە.

## مەهاباد

### درێژەی ڕاکێشانی خەڵك بۆ نێو ڕیزەکانی بەسیج

لە درێژەی ڕاکێشانی خەڵك‌و بەتایبەت لاوان، ماوەیەکە مەئموورانی سوپای پاسداران بەردەوام سەردانی قوتابخانەکانی شارو گوندەکانی دەوروبەری مەهاباد دەکەن‌و پرۆپاگەندەو تەبلیغاتی ئەوەیان بۆ دەکەن کە بەهاتنە نێو ڕیزەکانی بەسیجەوە دوا ڕۆژێکی ڕووناکیان دەبێ‌و هەروەها داوایان لە کۆنە جاشەکان کردوە چالاکتر ببنەوە.هەر لەو پێوەندییەدا لە گوندی بەردەرەشان کۆمەڵێك لە جاشەکانی ئەو گوندە ویستوویانە بنکەی بەسیج بکەنەوە کە بەتوندی ڕووبەرووی نارەزایەتیی خەڵك بوونەتەوەو تێکهەڵچوونی لێکەوتۆتەوە.

### مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی گلوکۆزی شنۆ

کرێکارانی شیرکەتی گلوکۆزی شنۆ بەهۆی نەدانی مووچەی مانگانەیان لەلایەن ئەم شیرکەتەوە دەستیان کرد بە مانگرتن. ئەم کرێکارانە کە ٦ مانگە مووچەی مانگانەیان لەلایەن ئەم شیرکەتەوە وەدوا کەوتوە خوازیاری وەرگرتنی مووچەی مانگانەی خۆیان لەلایەن بەرپرسانی ئەم شیرکەتەوە بوون.

### بۆکان: دوور خستنەوەی "مەسعود کوردپوور" ڕۆژنامە نووسی کورد

شاندی لێپرسینەوەی سەرپێچییەکانی وەزارەتی پەروەردە، مەسعود کورد پوور ڕۆژنامەوان‌و مامۆستای قوتابخانەکانی شارستانی بۆکانی بۆ تیکاب دوور خستەوە.

شایانی باسە ناوبراو زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی بۆکاندا وانە دەڵێتەوە، وبە تۆمەتی ئەوەی لە ڕۆژەکانی ٢٦و٢٧ خاکەلێوەی ٨٦ مامۆستاکانی هانداوە نەچنە قوتابخانەو هەروەها بە تاوانی وتووێژ لە گەڵ ڕاگەیەنە نێوخۆیی‌و دەرەکییەکان، بۆ ماوەی دوو ساڵ دوور خراوەتەوە بۆ تیکاب.

## بەڕێوەچوونی سێمینارێك لە ژێر ناوی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندان کۆڕێکی بۆ هێمن سەیدی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی پێکهێنا. لەو سێمینارەدا کە ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب تێیدا بەشدار بوون، بەڕێز سەیدی ڕووداوەکانی پێش شۆڕش و سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی وەبیر هێنایەوەو ئاماژەی بەوە کرد کە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی لە هەڵسوکەوتەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە بەدی دەکرا. لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە هەڵبژاردنە یەك لە دوای یەکەکانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی لە ساڵی یەکەم دا کردو گوتی مەبەستی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ٦ هەڵبژاردن لە کەمتر لە یەك ساڵ و لە کەشی نائاسایی دوای شۆڕش دا بە دەستەوەگرتنی پاوانخوازانەی دەسەڵات لە ئێران دا بوو. بەڕێز سەیدی وێڕای بەرز نرخاندنی خەباتی گەلانی ئێران لە پێناو شۆڕش دا و هەروەها یادکردنەوە لە شەهیدانی شۆڕش، سیاسەتەکانی ڕێژیمی لە پێناو گەلی کورد خستە بەر باس.

## سەردانی شاندێکی حیزب لە لقی یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆیە

بەبۆنەی چاردەیەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکگرتوویی ئیسلامیی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندان شاندێکی حیزبی پێکهاتوو لە بەڕێزان:

١ــ حەمەرەسوول حەسەن پوور، بەر پرسی کومیسیونی کۆمەڵایەتی، ٢ــ برایم زێوەیی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە کۆیە، ٣ــ حەسەن ئەبروزەنی، کادری کومیسیونی سیاسی نیزامی سەردانی لقی یەکگرتووی ئیسلامیی لە شاری کۆیە کردو لەلایەن بەرپرس‌و ئەندامانی لقەوە بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا.

شایانی باسە لەو چاوپێکەوتنەدا وێرای پیرۆزبایی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکگرتوو، هەروەها لە سەر پتەوکردنی پێوەندیی دوو لایەنە پێداگریان کرد.

## سەردانی هەئیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی

هەئیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاك عومەر شاداب بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان‌و خالید وەنەوشە جێگری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێرو کاك عوسمان عەباسی کادری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، بە بۆنەی چواردەهەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی حیزبی ناوبراویان کردو لەلایەن مامۆستا صلاح الدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی‌و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتییان پێشوازییان لێ کرا. هەئیەتی حیزب لەم سەردانەدا پەیامی پیرۆزبایی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە بۆنەی چواردەهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبەکەیان پێ ڕاگەیەندن‌و داوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان لە خزمەتکردن بە بزاڤی نەتەوەیی‌و دێموکراتیکی گەلەکەمان بۆ بە ئاوات خواستن.

## کەسێکی دیکەش لە ئێران ئێعدام کرا



لە پارێزگای" یەزد" کەسێك بە تاوانی کوشتنی چوارکەس ئێعدام کرا، ئەو ئێعدام کراوە کە ناوەکەی ڕانەگەیەنراوە، بڕیار بوو لە بەر چاوی گشتی لە سێدارە درێ بەڵام بەپێی بڕیاری نوێی شاهروودی کە ئێعدامی لە بەر چاوی گشتی قەدەغە کردوە هەر لە زینداندا ئێعدام کرا.

ئەوە سی‌و چوارەمین ئێعدامە لە ساڵی نوێ زایینی لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ.

بە پێی ئاماری هەواڵدەریی فەرانسە، لە ساڵی ڕابردوودا ٢٩٨ کەس لە ئێران لە ژێر ناوی (پلانی بەرز کردنەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی)دا لە بەر چاوی گشتی لە سێدارە دران.

## ڕەبەت: هاووڵاتێك بە دەستی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم کوژرا

میلیتاریزە بوونی کوردستان بە گشتی‌و بەتایبەت سەرسنوورەکانی ڕۆژهەڵات‌و باشوور، ڕۆژ نیە ڕووداوی دڵتەزێنی مەرگی هاووڵاتیانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لێ نەکەوێتەوە.

لەو پێوەندییەدا شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ی ڕێبەندان هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم، جێگر لە گوندی "دارساوێن"ی ناوچەی ڕەبەت لە سەر جادەی سەردەشت ــ بانە تەقەیان لە ئۆتۆمبیلێکی جۆری ٣fی هاووڵاتیەك بە ناوی سەلام خەڵکی گوندی "بێکەژ"ی بانە کردو لە ئاکام دا ناوبراو کوژراو تەرمەکەشی ڕەوانەی سەردەشت کراوە.

پێویستە بگوترێ ئۆتۆمبیلەکە بەتاڵ بووەو هەڵگری هیچ بارێکی قاچاغ نەبووە.

## دواماڵاوایی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێبازی کوردایەتی



ڕێکەوتی ١٦ی فێوریەی ٢٠٠٨ (٢٧ی ڕێبەندانی ٨٦) کاك محەممەد گادانی یەکێك لە تێکۆشەرە بە ئەمەگو ماندوویی نەناسەکانی ڕێبازی کوردایەتی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاك محەممەد گادانی کە یەکێك بوو لە ئەندامە تێکۆشەرو خەباتکارەکانی بنەماڵەی گادانی ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایك بووە. لە تەمەنی مێرمنداڵیدا (ساڵی ١٣٣٢) بۆتە ئەندامێکی چالاکی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات‌و پاشان حیزبی دێموکرات‌و بە شێوەی نهێنی وێڕای هاوڕێبازانی دەستی بە خەبات کردوە. چالاك بوون‌و بڕواپێکراویی ناوبراو لەو قۆناغە لە تێکۆشان دا ببوو بەهۆی ئەوەکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی دیار لە نێو خەڵکی مەهابادو دەوروبەردا وەدەست بێنێ بەچەشنێك کە دەورێکی گرنگی لە وەڕێ خرانی یەکەم خۆپێشاندانی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا گێڕا کە بە بۆنەی شەهید بوونی کاك عەزیز یوسفی پێك هات. دوا بەدوای ئەو خۆپێشاندانەش لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی بۆ ماوەیەك زیندانی کران.

جێ متمانەیی‌و بڕوا پێکراوەیی‌و خەباتگێڕیی ئەم تێکۆشەرە لە ڕادەیەك دابوو کە زۆر لە کادرە چالاکەکانی حیزب‌و لەنێو ئەوان دا دوکتور قاسملووی شەهید لە کاتی سەردانە نهێنییەکانیان دا لەلای ئەو دەمانەوەو چالاکییەکانیان ڕێك دەخست.

جگە لەوانە کاك محەممەد لە خۆپێشاندانەکانی دیکەی دژ بە ڕێژیمی پەهلەویدا کە سەرەنجام ڕووخانی ئەو ڕێژیمەیان لێ کەوتەوە دەوری بەرچاو و کاریگەری هەبوو. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییش کاك محەممەد بە وەرەیەکی زیاترەوە درێژەی بە تێکۆشان لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەی داو وێڕای ئەندامانی دیکەی حیزبی دێموکرات ژیانی پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردو بۆ ماوەی نزیك بە دوو دەیە لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب (کۆمیسیۆنەکانی ماڵی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەروەها دەبیرخانە) خزمەتی کرد.

لە ساڵی ١٣٧١دا کاك محەممەدو بنەماڵەکەی ڕوویان لە تاراوگە کردو لە وڵاتی نۆروێژ گیرسانەوە. تاراوگەش بۆ کاك محەممەد مەیدانێکی دیکەی خەبات بوو. ئەو لەوێش هەر زۆر زوو بوو بە سیمایەکی ناسراو و چالاکی نێو کۆڕو کۆبوونەوە نەتەوەیی‌و حیزبییەکان‌و هاوکاتیش بۆ ناساندنی پرسی نەتەوەیی‌و کولتووری نەتەوەکەی هەوڵی دەداو ببوو بە یەکێك لە چالاکە ناسراوەکانی فیدراسیۆن‌و کۆمەڵە کولتوورییە کوردییەکان لە تاراوگە.

جێگای ئاماژەیە دوا بەرپرسایەتیی کاك محەممەد گادانی ئەندامەتیی کومیتەی حیزب لە نۆروێژو بەرپرسایەتیی بەشی پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە وڵاتی نۆروێژ بوو.

بە کۆچی دوایی کاك محەممەد گادانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مرۆڤێکی وڵاتپارێزو خەباتکاریان لەدەست دا. بەم بۆنە ناخۆشەوە لەلایەن ڕێبەرایەتی‌و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خەباتکاری گادانی‌و دۆستان‌و هاوڕێیانی دەکەین.

# هەڵبژاردن لە ئێراندا، ئەو ڕێگەیەی بۆ تورکستان دەچێ!

**ئەوە لێژنەکانی چاوەدێریی وەزارەتی نێوخۆو پاشان شووڕای نیگابان وەك عەقڵی گشتییە کە بۆ خەڵکی ئێرانی دیاری دەکەن کە دەبێ دەنگ بە کام کەسی ساڵح! و کامە کەسی بەئیمان بدەن. شعووری سیاسیو لێکدانەوەو هەڵبژاردنی خەڵك لەو گەمەیەدا پوولێکی قەڵب نایەنێ. دواتر هەر ئەوە شووڕای نیگابانە کە ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکەی بەدڵ بوو ئەوە هیچ، دەنا قۆڵی لێهەڵدەماڵێ وبەباتڵ کردنی بەشێك لە سندووقەکانو هێنانە دەرێی سندووقی نوێی دەنگدان لە بنکە نیزامییەکانی سوپاو ئەرتەشو دەسکاریی دەنگەکان بە ئەنجامە دڵخوازەکەی خۆی دەگاو ئەوەش بە زۆر دەر خواردی خەڵكو بیرو ڕای گشتی دەدا**

عەلی بداغی

هەڵبژاردنەکانی هەشتەمین خولی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران لە ٢٤ی ڕەشەمەی ئەوساڵدا بەڕێوەدەچێ. هەروەك هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشوو لێژنەکانی چاوەدێریی وەزارەتی نێوخۆو شووڕای نیگابان بە باشترین شێوەی لواو کارەکانی! خۆیان ڕاپەڕاندوە، بۆ بازار گەرمیی هەڵبژاردنەکان هەیئەتی حاکمەی ئێران چەند دە کەسێك لە بەناو ڕێفۆرمخوازەکانی بە مەبەستی هاندانی خەڵکی ئۆپۆزیسیۆنو خوازیاری گۆڕان لەگەمەکەدا بەشدار کردوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش هەروەك جاران لە سێ دەستەی لایەنگرانو پارێزەرانی سیستمی ویلایەتی فەقیە، ڕێفۆرمخوازانی گۆڕان خوازی مولتەزیم بە ویلایەتیی فەقیە و بنەماکانی نیزامو تەیفی گۆڕانخوازی پێکهاتە شکێنی خوازیاری هەڵبژاردنی ئازاد دا جێ‌دەرگرن (دیارە بە گۆڕانی ڕێژەی سێ دەستە کە)و هەڵوێستی هەرکام لەو سێ دەستەیەش ڕوونو ئاشکرایە. دەستەی پارێزەرانو لایەنگرانی نیزامی ویلایەت کە هەموو ئامرازو لاهێزو ناوەندەکانی دەسەڵاتی لەبەر دەست دایە، براوەی بێ ئەم لاو ئەولای گەمەکەنو شانۆگەریی هەڵبژاردنیشیان تەنیا بۆ ڕووکەشی ڕەوایی پێبخشینەوە بە دەسەڵاتەکەیان وەرێ خستوە، ڕێفۆرخوازانی تینووی دەسەڵاتیش بە مەبەستی پشکی زیاتر وەبەر کەوتن لە خوانی دەسەڵات خەڵکی پتر بۆ بەشدار کردن هان دەدەنو ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك تەنیا ئەو لانیکەمی بەختو شانسەیە کە ئەوان دڵیان پێخۆش کردوەو شکی دەبەنو دەستەی دێموکراسیخوازانو گۆڕان ویستە پێکهاتەشکێنەکانیش تەحریمو بایکوت کردنی هەڵبژاردنەکان وەك تا کەرێی بەردەستیان هەڵبژاردوە.

هەر بەو پێیەش ئاکامی هەڵبژاردنەکان شتێك نابێ جگە لە گۆڕینی مۆرەکانی نێو مەجلیس هەر لە نێوان "خودی"یەکان لە بەرژەوەندیی هەیئەتی حاکمەداو ئەرکی مەجلیسی داهاتووش هەروەك پێشوو پاراستنی سیستمی ویلایەتی فەقیەو بەرژەوەندییەکانی نیزام دەبێ.

هێنانە گۆڕێی چەند پرسیارو وەستان لە سەر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەتوانێ بەرچاو ڕوونییەکی زیاترمان لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لە نێو سیستمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا پێببەخشێ:

"دەبێ" یەکانی هەڵبژاردنێکی بەواتای ڕاستەقینە چینو ئەو "دەبێ"یانە چەند لە هەڵبژاردنەکانی نێو سیستمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا ماناو بوونی تایبەت بە خۆیان هەیە؟

هەڵبژاردنەکانی مەجلیس چەند گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزەکانی لایەنگری پارێزانی دۆخی ئاراییو گۆڕانی پێکهاتەیی لە دۆخی ئارایی دایە؟ هەڵبژێراوانی ئەو چەشنە هەڵ بژاردنانە کێنو چەندەیان لە باراندایە؟ مەجلیس چەندە دەتوانێ دیسکۆرسی ڕێفۆرم لە حاکمییەت دا نوێنەرایەتی بکاو بوار بۆ جێبەجێ کردنو جێگیر کردنی خۆش بکاو گەلێك پرسیاری دیکە کە پڕژانە سەریان لە دەرفەتی ئەو وتارە دانین.

"دەبێ"یەکانی هەر هەڵبژاردنێك سێ بنچینەی لێك تەنراون کە بریتین لە:

١ـ پێکهێنانی ئەو دەرەتانەی هەڵبژاردن بۆ خەڵك، کە تێیدا خەڵکی بەدڵی خۆیانو ئازادانەو بەپێی لێکدانەوەو لاگیریو خواستی خۆیان بەربژێرانی خۆیان دیاری بکەنو هەڵیان بژێرن.

٢ـ دووهەم بنچینەی هەڵبژاردن بێغەلو غەشو پارێزراو بوونی سلامەتیی هەڵبژاردنەکەیە هەم لە ڕووی یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، هەم بێلایەن بوونی دەسەڵات لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانو سەربەخۆیی سیاسیو بێلایەنیی لێژنەی چاوەدێریو بەڕێوەبەریی هەڵبژارنەکان لە بەرامبەر هەر چەشنە لاگیرییەکی سیاسیو سلامەتیی هەڵبژاردن لە ڕووی بژاردنی دەنگەکانو ڕێگەگرتن لە ئەگەری گزەو فزە.

٣ـ لێهاتوویی ئۆرگانو دەزگای هەڵبژێردراو لە بەرامبەر متمانەی خەڵکی دا سێهەم بنچینەی هەر هەڵبژاردنێکە. (عەبدی، عەباس، بایستەهای یك انتخاب).

بە وەستانێك لەسەر هەڵبژارنەکانی نێو سیستمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنەکانی نێو سیستمی ڕێژیم خاڵیو چۆڕاوە لە هەرسێ بنچینەی "دەبێ"یەکانی هەڵبژاردنە. بەو مانایە کە ئەوە لێژنەکانی چاوەدێری وەزارەتی نێوخۆو پاشان شووڕای نیگابان وەك عەقڵی گشتییە کە بۆ خەڵکی ئێرانی دیاری دەکەن کە دەبێ دەنگ بە کام کەسی ساڵح! و کامە کەسی بەئیمان بدەن. شعووری سیاسیو لێکدانەوەو هەڵبژاردنی خەڵك لەو گەمەیەدا پوولێکی قەڵب نایەنێ. دواتر هەر ئەوە شووڕای نیگابانە کە ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکەی بەدڵ بوو ئەوە هیچ، دەنا قۆڵی لێهەڵدەماڵێو بەباتڵ کردنی بەشێك لە سندووقەکانو هێنانە دەرێی سندووقی نوێی دەنگدان لە بنکە نیزامییەکانی سوپاو ئەرتەشو دەسکاریی دەنگەکان بە ئەنجامە دڵخوازەکەی خۆی دەگاو ئەوەش بە زۆر دەر خواردی خەڵكو بیرو ڕای گشتی دەداو بەمجۆرە مەجلیسێکی ڕواڵەتیو بێدەسەڵاتو بەسراوە قووت دەکاتەوە کە لە هەموو شتێك دەچێ جگە لە واتا ڕاستەقینەکەی وەك نوێنگەی ئێرادەو ویستی خەڵك.

هەڵبژێردراوانی ئەو شانۆگەریانەش نەك نوێنەرو هەڵبژێردراوی خەڵكو کۆمەڵ، بەڵکوو نوێنەرانو هەڵبژێردراوانی هەیئەتی حاکمەی ڕێژیمو کەسانی دیاریکراوو تاقیکراون. تەنانەت وای دانێین ئەگەر هەڵبژێردراوی خەڵکیش بن (بەجۆرێك زۆرایەتیی مەجلیسی شەشەم) ئەوا بەو حاڵەش لە بەرامبەر هێزو دەسەڵاتی هەموو دامەزراوەو دەزگاو ناوەندە هەڵنەبژێراوەکاندا توانای خۆ دەرخستنیان نابێ.

جا بۆیە هیوادار بوون بە ئاکامی هەڵبژاردنێکی قەتیسکراوو خنکێندراو بەو ئاراستەیەی ڕێچکەیەك بۆ گۆڕانو دێموکراسی بکاتەوە، لە بنەڕەت دا بێ ماناو دوور لە چاوەڕوانییەو تەنیاو تەنیا ڕەوایی پێدان بە ڕێژیمو جوانکاریی ڕوخساری دزێوی ئەو سیستەمەی لێدەکەوێتەوە.




درێژەی

## هەواڵەکان

### کۆچی دوایی خەباتکارێکی دێرینی حیزب

بە پێی هەواڵ ماموستا مەلا مستەفای حەیران پێش نوێژی گوندی قەرەقشلاغ لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد، شەوی پێنج شەممە لە سەر هەینی ڕێکەوتی ١٨ لەسەر ١٩ی ڕێبەندان لە ماڵی خۆی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەلا مستەفا یەکێک لە خەباتکارانی دێرنی حیزب بوو. ناوبراو لە ساڵی ١٣٣٢ەوە وەک لایەنگری حیزب دەستی بە چالاکی کرد و لە ساڵی ١٣٤١ەوە وەک ئەندامی حیزب تێکۆشانی هەبووە. ناوبراو جارێک لە ساڵی ١٣٤٢ و جارێکیش لە سالی ١٣٤٣ لە لایەن ساواکەوە بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکڕات و تێکۆشانی سیاسی کەوتە بەندیخانەی ڕێژیمی پەهلەوی.

لە پاش ڕوخانی ڕێژیم و دەست پێکرانەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە کوردستان ناوبراو ڕۆڵێکی گاریگەری لە بەهێز کردنی خەباتی حیزب لە ناوچەی شارویران دا هەبوو و ماوەیەکیش وەک ئەندامی چالاکی کۆمیتەی شارویران تێکۆشانی هەبوو. پاش گیرانەوەی ناوچەکان لە لایەن ڕێژیم، ناوبراو لەسەر ڕەزامەندیی حیزب گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری مامۆستا مەلا مستەفای حەیران دەکەین.

گوشاری ناوەندە

### ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنەماڵەی ڕۆژنامەوانی مەهابادی ئەنوەر حەسەنپوور



دوابەدوای دەرچوونی ڕۆژنامەوان و فیلمسازی لاوی مەهابادی "ئەنوەر حەسەنپوور"، لە وڵات ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم فشارێکی زۆرتریان خستۆتە سەر بنەماڵەکەی.

سەرچاوەیەکی نیزێک لە بنەماڵەی ئەم ڕۆژنامەوانە ڕایگەیاند کە، لە چەند مانگی ڕابردوو دا ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد، چەند جار برای ناوبراوی بانگهێشتی ناوەندەکەیان کردوە و وێڕای گوشار و هەڕەشە، داوایان لێکردوە کە "ئەنوەر حەسەنپوور" بگەڕێنێتەوە ئێران و یا بۆ ڕادەستکردنەوەی ناوبراو بە هێزەکانی ڕێژیم هاوکاریی ئێران بکا.

ئیتلاعاتی ڕێژیم ڕای گەیاندوە کە بەڵگەی پێویستیان لە سەر دوایین کاری ناوبراو و هاوکاریی براکەی "خالید" لەم پرۆژەیە دا کە کورتە فیلمێک سەبارەت بە ڕوانگەی ئیسلام لە سەر مژاری ژنانە، هەیە و ئەوە لە کاتێک دایە کە برای ئەنوەر حەسەنپوور، بێ ئاگایی خۆی لەم بابەتە دەربڕیوە.

شایانی باسە کە چەند مانگ لەمەوبەر، ڕۆژنامەوان و فیلمسازی لاوی مەهابادی "ئەنوەر حەسەنپوور" دوابەوای سازکردنی کورتە فیلمی "ئەنسا" کە بابەتی ڕوانگەی ئیسلام لەمەر ژنانی دەخستە ڕوو، لە ژێر فشاری ئەمنیەتی و ئیتلاعاتیەکاندا بە ناچار ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێ هێشتبوو.

### کرماشان: زیاتر لە چل و هەشت کیلۆ مادەی بێهۆشکەر دەستی بەسەر داگیرا



لە پارێزگای "کرماشان" زیاتر لە ٤٨ کیلۆ مادەی بێهۆشکەر جۆری "تریاك" لەلایەن هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادە بێهۆشبەرەکانی کۆماری ئیسلامی .دەستیبەسەرداگیرا.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی "ئیرنا"ی فارسی، "حەسەن مەلەکیان" ئەفسەر لە هێزی بەرەنگاربوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان ئاشکرای کردوە کە دەسبەسەرداگرتنی ئەو بڕە مادە بێهۆشکەرە لە ڕێگەی تیمێکی ڕاسپێردراو لە سەر کۆکردنەوەی زانیاری شوێن و ئەو کەسانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و هێنان و گواستنەوە بە مادە بێهۆشکەرەکان دەکەن، توانراوە زانیاریی تەواو بە دەست بهێنرێت.

حەسەن مەلەکیان ڕوونی کردۆتەوە کە لە هەڵمەتێکی هاوبەشدا دوای هەفتەیەك چاودێریکردن بە وردی و کۆکردنەوەی زانیاری توانراوە بارهەڵگرێکی ترێلی دەستیبەسەردابگرێ کە لە ناوچەی بازرگانی "بەندەر عەباس"ەوە باری برنجی بۆ کرماشان هێنابوو، بەڵام دوای پشکنین بڕی ٤٨ کیلۆ و ٥٠٠ گرام مادەی تلیاکی تێدا دۆزرایەوە.

پێویستە بگوترێ بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان لە شارەکانی کوردستان دا بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە و قاچاغی ئەو ماددانەش بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاوتر لەوە و لە لایەن دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمەوە دەکرێو پڕوپاگەندەی خەبات دژی ئەو ماددانە تەنیا بۆ چەواشەکاریی بیرورای گشتی بەڕێوە دەچێ.

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران




# ژینۆسایدی سپی

**رەنگبێ سیاسەتی دژ بەریی کوردان تەنیا پرسێك بێ کە بە درێژایی مێژوو بابەتی پێکهاتنی دوژمنانی بووبێ، پرسێك کە سیاسەتڤانانی رابردووو ئێستا لەسەری کۆك بوون، سیاسەتێك کە سەدەیەك لەمەوبەر لە سەردەمی دیکتاتۆری رەزاشاه دارێژراوەو ئێستاو لەو چاخەدا واتە لە سەردەمی وتووێژی ژیارەکان پراکتیزە دەکرێ**

**بەشی یەکەم**

نووسینی: بیستوون کرماشانی ـ وەرگێڕان: تەها رەحیمی



روخساری ژنە کوردێکی کوڵمە تاوسووتو تۆز لێ‌نیشتوو بە جلوبەرگێکی رەش‌و نیوچاوانێکی تێك چرژاو کە نیشان لە رۆحی ئێکسڕماوی بوو لە حاڵێك دا گوڵی نارنجی ناشیرین بە قەدی کراسەکەیەوە خۆی دەنواند کزەی لە دڵ هەڵ دەستاند، هەتە سەر شاشەی تلویزیۆن... کەناڵی ئوستانیی زاگرۆس بوو.

کزو لەڕو باریك، چاوی بە قووڵ دا چوو بوو، ئێسکی سەر کوڵمەکانی جوان دیار بوون. شەدەیەکی لەسەر بوو کە بە لۆچ‌و گلۆڵەکراوی شەدە رەشەکەی سەری ڕا دیار بوو کە زۆر قورسە...

بەژنی کزو لاوازو روخساری ئێسك دەرپەڕیو بوو شەدەزۆرەکەی سەری‌و لە ئاکام دا نارێك‌و پێکی‌یەکەی، دەتگوت هاودەستیان کردوە تا چارەرەشی‌و نەهامەتی‌یەکانی ئەو ژنە لە شاشەی تلویزیۆندا بنوێنن. سەرەڕای تەمەنی ٢٠ ـ تا ٢٥ ساڵەیی دیار بوو کە خەمی تەمەنێکی دوورودرێژی بە کۆڵەوەیە. کاتێ ئامادەکارە ژنەکە سەری قسە دەکاتەوەو بە فارسی وەك تارانییەك ـ پرسیاری لێ‌دەکا و ژنەش وەك ئەوەی برێشکەی بۆ ببرژێنن‌و بیهەوێ لەپڕا تاقیکارییەکی چەتوون بکا. .... بە پەشۆکاوی ناتوانێ هۆشی لەسەرەخۆی بێ تاکوو بیر لە پرسیارەکانی ئامادەکارەکە بکاتەوەو یان خەریکی سازکردنی رستەیەك بە فارسی لە زەینی خۆی‌دا بێ، زۆر هەوڵ دەدا وەك ئامادەکارەکە قسان بکاو ئەوەندەی بۆی دەکرێ وشەی کوردی بەکار نەهێنێ، بەرهەمی ئەو زۆر بۆخۆهێنانە وێنەی ژنێك بوو بە چاوی مۆڵەق ماوەوە لە مانتۆی جوانی خاتوونە ئامادەکارەکەی دەڕوانێ...

ژنە کە دەیویست بە بزەیەکی تاڵەوە گەپو گاڵتەی خۆی بشارێتەوە دەست دەکا بە قسان.....

.... ئێمە زۆر بەدبەختین ... مێردەکەم بێکارە... منداڵەکانم کەوش‌و جانتایان نیە.... رستەی کورت‌و پچڕپچڕی من، من کردنی پەیتا پەیتاو ماندووو وەڕەز لە دوان بە زمانێك کە زمانی خۆی نیەو پێی نامۆیەو دەڵێی بەردی پێ‌دەشکێنن وە پتە پت دەکەوێ وەك باڵندەیەکی باڵیکیان بەستبێ‌و بە باڵەفڕکە بیهەوێ هەڵفڕێ وەخۆدەکەوێ تا رستەکانی بە رێك‌و پێکی یەك بخاتەوەو کەمتر وشەی کوردی بڵێ. چ هەوڵێکی نزم‌و بێ‌ئاکام؟!

هەڵبەت خاتوونە ئامادەکارەکە جارجارە بەزەییی پێی‌دا دێ‌و فریای دەکەوێ ئەویش لە رووی لاوازی‌و ناچارییەوە بۆ پشت راست کردنەوەی مەبەستی خۆی کە خاتوونە رێپۆرتێرەکە بە زاراوەیەکی مۆدێرن‌و رستەی رێك‌و پێك‌و وشەی زل زلی فارسی بۆی راست دەکاتەوە بەڵێیەکی گەپجارانە لەبەرخۆیەوە دەڵێ... سووڕانی زوومی کامێرا... خانوویەکی قورماوی بە پەنجەرەی ئاسنی ژەنگاوی‌و ژوورێکی ساردوسڕ کە بە شڕەو بڕەی زۆر نارێکو پێك راخراوەو چەند منداڵی وردو درشت‌و رەش‌و رووت بە جلوبەرگی چڵکن‌و پڵکن لە قاپێکی چینکۆ خڕبوونەتەوە دەڕواننە کادری کامێراو........؟!

ئەو وێنە فوکس کراوو هەڵبژێردراوەی ئەو ژنەو بنەماڵەکەی بەکورتی وێنەی کولتوورو ژیانی کوردی کرماشانیە کە جارجارە لە دەنگ‌و رەنگی کرمەشانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

ژنێکی کورد کە جلوبەرگەکەی ئاماژە بۆ نەهامەتی‌و زمانەکەشی ئاماژە بە خۆبەکەم گرتن، ماڵەکەی ساردو سڕو بێ تیشك‌و منداڵەکانی رووت‌و برسی‌و چڵکن‌و مێردەکەی شەرمەزاری ئەوەی پاروو نانێکی بۆ بنەماڵەکەی بۆ پەیدا نابێ...

راستی‌یەکەی ئەوەیە هەوڵ دەدرێ وەها ژیانێك‌و وەها کەسایەتی‌و شێوازی ئاخاوتن‌و ئەو چەشنە زمانە وەك نوێنەری زمان، کولتوورو ژیانی کورد نیشان بدرێ، ژیان‌و فەرهەنگێك کە سەرەتایی‌و تایبەت بە گوندە، لە راستی‌دا باوەڕاندنی ئەو بۆچوونەی کە لە بنەڕەتدا ژیار شارنشینی دژایەتیی دەگەڵ ئەو فەرهەنگە هەیە، دەیانەوێ ئەوە نیشانی کۆمەڵگەو بیروڕای گشتی بدەن کە ئەگەر کەسێك بیهەوێ شارستانی‌و مەدەنی بێ، سەرەتا دەبێ واز لەو جلوبەرگە بێنێ‌و پاشان زمانەکەی بەرە بەرە لە کوردی‌یەوە بۆ فارسی کرماشانی بگۆڕێ‌و پاشان بە فارسی پەتیی تارانی قسان بکا.

دەگەڵ منداڵەکانی بە فارسی بدوێ‌و مۆبڵ‌و قەنەفەو کورسی لە ماڵەکەی دابنێ‌و.. بە کورتی خۆی‌و بنەماڵەکەی لەگەڵ کلتوورێك رابێنێ کە جوان، پێشکەوتووو شارستانی نیشان دراوەو بە هەر شێوازێك بووە خۆی لە نەگبەتی کورد بوون رزگار بکا.

ئەو وێناو تێگەیشتنە لەوانەیە وەك چیرۆکێك بێتە بەرچاوو دوور لە راستی بنوێنێ، بەڵام ئەگەر وێنەی زاڵی چۆنیەتی ژیان‌و فەرهەنگی بنەماڵەیەکی فارس بێننە بەرچاو کە بۆ جێ‌خستنی سەرچەشنێکی وا شەوو رۆژ لە چوارچێوەی زنجیرەی جۆراوجۆری تەلەڤیزیۆنی کاناڵەکانەوە بڵاو دەبێتەوە، رەنگبێ تا رادەیەك تێڕوانینتان بگۆڕدرێ، ئەو ژنانەی بە جلوبەرگی رازاوەوە خۆیان لە گوڵێ داوەو بە فارسی دەدوێن...

خانوویەکی خاوێن‌و جوان بە چێشتخانەی ئۆپێن (open)و قەنەفەی پاشایەتی‌و خواردنی جۆراوجۆر کە بە سەلیقەیەکی تایبەتەوە لێندراون‌و لە سەر سفرە ریز کراون...ئەو مێردانەی کە زۆربەیان دوکتور یان ئەندازیارن‌و بە سواری ماشێنی گرانقیمەت‌و جوانەوە، چەپکە گوڵێك بە دەستەوە لەسەر کار دێنەوە...دیمەنیکی ئیدەئالی‌و خەون ئاسا لە ژیان‌و فەرهەنگی "ئێرانی ــ فارسی" دەخرێتە بەرچاوان، بە هێندێك لێ‌وردبوونەوە پارادۆکسی نێوان ئەو دوو سەرچەشنەی کە لە دوو شێوازی ژیان‌و فەرهەنگەی کە باسمان کرد، دەردەکەوێ ئەگەر وێنەی هەردووکیان لەپاڵ یەك دانێین‌و باوەڕتان بە ئەوە هەبێ کە بێ ئەوەی مرۆڤ بزانێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری هزرو نێوەرۆکەوە کە لە ژێر ئەو جادووییەی هەزارەی سێهەم کە وەك ئامێرێکی بەهێز بۆ تواندنەوەو سڕینەوەی "وردە فەرهەنگو کێشەخولقێن" کەڵك وەردەگرن ئەو کات دوور کەوتنەوە لە فەرهەنگو زمان‌و ژیاری رەسەنی خۆماڵی لاتان نەك زۆر سەیر نابێ تەنانەت شتێکی سروشتییش دەبێ... کە لە ژێر کارتێکەری بارودۆخێکی ئاوا لە بواری فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی دا پێك بێ، بەڵام لە راستی‌دا ناسروشتی ئەوەیە کە وێڕای بوونی ئەو گوشارەو سیاسەتە خەڵکانێك بە جۆرێك هەروا ئینتیمایان بۆ فەرهەنگو شوناسی نەتەوەیی خۆیان بێ.

ئەو شتانەی باسمان کردن لە ئەدەبیاتی سیاسیی جیهاندا بە ناوی ژینۆسایدی سپی "تواندنەوەو بنبڕکردنی فەرهەنگی" باسیان لێ دەکرێ. لە نیشانەی ژینۆسایدی سپی، شکۆدارو رازاوە دەرخستنی فەرهەنگی زاڵ‌و دواکەوتوو نیشاندانی کولتووری نەتەوەیەکە کە میراتی کێشە خولقێنی بۆ دەوڵەتی ناوەندی‌و شوناسی زاڵ بە ئەستۆوەیە....لێرەدایە کە دەوڵەتی ناوەندی بۆ کەم کردنەوەی ئەو حەساسییەتانەی کە "وردە کولتووری ملۆزم" دەیخولقێنێ هەوڵ دەدا ماکەی ئەو کولتوورو ژیارە هەڵ تەکێنێ‌و تەفروتونای بکاو ئەو کارەش بەو ئامێرە بەهێزانە دەکا کە بە دەستییەوەیەتی، ئامێرەکانی ژینۆسایدی سپی "تواندنەوەی کولتوور" کە بە پێی جۆری دەسەڵات‌و شێوازی دەوڵەتەکان زۆرو جۆراوجۆرن، بەڵام بەهێزترین ئامێرێ کە بۆ ژینۆسایدی سپی‌و تواندنەوەی فەرهەنگی نەتەوەکان، بە تایبەت لەو چەند دەیەی دوایی دا زۆرترین کەڵکی لێ‌وەرگیراوەو کارایی بووە، تەلەڤیزیۆن، بووە کە وەك راگەیەنێك‌و چەکێکی نوێی بەرهەمی مۆدێرنیتە باسی لێ دەکرێ.

دووهەم خاڵ، کەڵك وەرگرتن لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن‌و خوێندنی باڵایە کە بە هۆی زاڵبوونی هیژموونی حاکمییەتەوە بەسەر بابەتی وانەیی‌و هەروەها بەسەر مامۆستایان‌و مامۆستایانی زانکۆدا، هەوڵ دەدا کەسانێك پەروەردە بکرێن کە لە هەموو لایەکەوە شوێنکەوتووو لە خزمەتی حاکمییەت دا بن‌و دیارە ئەوەش بۆ ئەوان زۆر پەسندترە کە ئەو کەسانە کولتوورو زمانێك جگە لە فەرهەنگو زمانی دەسەڵاتداران بە فەرمی نەناسن...

پاش لەبەرچاوگرتنی "ئایین" وەك ئامرازی تواندنەوەی کولتووری نەتەوەکانی ژێر دەستە نۆرە دەگاتە ئامرازی "ئابووری". دەسەڵاتدارانی توتالیتێر بەردەوام هەوڵیان داوە بە پەرەپێدانی هەژاری‌و خولقاندنی تەنگانەی ئابووری بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان، بوار بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئەخلاقی‌و بەرەڵڵایی لەو کۆمەڵگایانەدا خۆش بکەن تا بەم جۆرە رۆحی داهێنان‌و ئازایەتی هەست بە کەسایەتی کردنیان تێ‌دا بکوژن‌و باشتر بتوانن کاریگەرییان لەسەریان بێ، هەروەها بتوانن بەسەریاندا زاڵ بن. بەداخەوە کرماشان وێنەیەکی زیندووو روونە بۆ ژینۆسایدی سپی "تواندنەوەی کولتووری" لە ئەدەبیاتی سیاسیی جیهاندا.

چونکە ناوەندی جوگرافی‌و حەشیمەتیی رۆژهەڵاتی کوردستانەو خاوەن هەڵکەوتەیەکی هەستیارو ستراتیژیکەو هەموو ئەو هەلومەرج‌و هۆکارانەی هەیە کە دەتوانن هاندەرێك بن بۆ "ژینۆسایدی سپی".

کرماشان بە چەند میلیۆن کەسەوە گەورەترین‌و پڕ حەشیمەترین شاری کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستانەو کەوتۆتە سەر گەورە ڕێی کوردستانی ئێران بە جۆرێك کە لە باکوورەوە، پارێزگەی سنەو لە باشوورو ئیلام پێکەوە دەلکێنێ...

لە لایەکی دیکەوە حەشیمەتی کوردستان جۆرێکە کە رەگەز، زاراوە، خێڵ‌و ئینتیمایەکی ئایینی تایبەت کە لە کوردستانی ئێران دا هەیە بە شێوەیەکی لە شێوەکان لە رێگەی خزمان، هاوڕێیان‌و یان پێویستی پیشەیی بە کرماشانەوە پێوەند دەداتەوەو دەکەوێتە ژێر کارتێکەرییەوە، هەر بۆیە هەر جۆرە گۆڕانێك لە کرماشان کلتووری‌و یا تەنانەت ئابووری ـ کاریگەرییەکی گرینگ‌و دیاریکەری لە رەوشی وردی ئینتما کۆمەڵایەتیەکانی کورد بە گشتی‌و هەڵکەوتەی کوردستانی ئێران دا هەیە.

ئێستا بەو پێیەو بە لەبەر چاوگرتنی روانگەی "حاکمیت" لەو شوێن‌و هەڵکەوتەی کرماشان دەبێ چ سیاسەتێك سەبارەت بەو شارە بگرێتەبەر؟!... شارێك کە بە نوێنگەو ناوەندو ماکەی کوردستانی ئێران ناسراوە، دیارە باس کردن‌و تاوتوێکردن لەسەر کرماشان بێ‌لێکدانەوەی گشتیی کوردو کوردستان بوونی ـ کە کرماشان بەشێکێتی ـ ئیمکانی نیە. لە دێرەکانی پێشتریش ئاماژەمان بەو خاڵە کرد کە کرماشان لەبەر ئەوە گرینگە کە وەك ناوەندو مەکۆی کوردستانی ئێران دەناسرێ کەواتە لە راستیدا دەبێ ئێمە بەدوای هۆو هۆکارەکانی سیاسەتە نەرینی‌یەکانی حاکمییەت، لە دژی کوردەکان دابین نەك خودی کرماشان وەك ناوو هەڵکەوتەیەکی جوگرافیایی... بۆچی؟ چونکە لەو رێگەیەوە بارودۆخی کرماشانیش بۆ خۆی روون دەبێتەوەو دەتوانین هۆکاری سیاسەتە نەرینی‌یەکانی حاکمییەت لە بەرانبەر کوردەکان بەم جۆرە پۆلین بکەین:

١ــ نێوەرۆکی سیاسەت‌و دەسەڵاتدارەتیی ئێستای ئێران

٢ـ باکگراوندی مێژوویی

لە تاوتویێ کردنی یەکەم بابەت دا زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیستەمی حکوومەتی ئێستای ئێران وەك حکوومەتێکی توتالیتر(گشتی خواز) هەر ئەو سیاسەتەی گرتۆتە بەر کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. بەڵام توتالیتر چیە؟

توتالیتر سیستەمێکە کە ئەگەر هەر ئەکتەرێك سەرپێچی یاساو رێساو بنەماکانی گەمەی ئەو سیستمە بکا بۆ تێدا بردنی قوڵ هەڵ دەماڵێ جا چ تاکێك بێ یان نەتەوەیەك... هەر بۆیەش ناتوانێ زیاتر لە شێوازێك یان زمانێکی هەبێ... و یا هۆکارێك زیاتر بۆ تاوتوێ‌و شرۆڤەی کاروبارەکان بگرێتە بەر.

کەوابوو حاکمییەتی توتالیتر بەس خوازیاری چەك‌و چۆڵ‌و مێتۆدەکانی چاودێری (کونترۆڵ) کردنی مودێرنە، نەك پێوەندیی مودێرن، لەو سیستەم‌و تێڕوانینەوە، حاکمییەتی توتالیترلە یاریکەرێکی شەترەنج دەچێ کە دەیەوێ بەجێی بەرامبەرەکەشی یاری بکا ئەو هەر کات نەیتوانی رایگەیەنێ کە ئەوە بەشێك لە جەستەو ئەندامی لەشمە... هەرکات زانی مرۆڤەکان ئامادە نین ببن بە ئامرازی گەمەی وی، بریار دەدا گشتییەتی ئەو جیهانە وەها سەراوێژ کا کە گشتییەتی پێکهاتەی ـ وجوود، رێساکانی قبووڵ بکەن.

ئەو سیاسەتی گونجان دەگەڵ رەوشی واقعی کورد ناخاتە بەرنامەی خۆیەوە بەڵکوو راستەوخۆ بە ئاراستەی تێککشاندنی کەسایەتیی هەبوونی مرۆیی ئەو هەنگاو دەنێ.... دورخستنەوەی زۆرەملی، سڕینەوە، لێکدابرین، گۆرین‌و تواندنەوە)....

ئێستاش نۆرەی دووهەم بابەتە، واتا تاوتوێ کردنی پیشینەی مێژوویی بەرەوروو بوونەوەی کوردان.... ئەوەی مرۆڤی کورد بە هاووڵاتی یاخی‌و پلە دوو دادەنرێ، هەر تایبەت بەو دوو دەیەیەی ئەم دواییانە نیە، پرۆژەیەکە لە پاش رووخانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)و تەنانەت بەر لەویش دەستی پێکردوەو تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە... رەنگبێ سیاسەتی دژ بەریی کوردان تەنیا پرسێك بێ کە بە درێژایی مێژوو بابەتی پێکهاتنی دوژمنانی بووبێ، پرسێك کە سیاسەتڤانانی رابردووو ئێستا لەسەری کۆك بوون، سیاسەتێك کە سەدەیەك لەمەوبەر لە سەردەمی دیکتاتۆری رەزاشاه دارێژراوەو ئێستاو لەو چاخەدا واتە لە سەردەمی وتووێژی ژیارەکان پراکتیزە دەکرێ. دوای دیتنەوەی هۆکارە بنگەیی‌یەکانی سیاسەتە موغریزەکانی حاکمیت سەبارەت بە کوردان،" باسی ئامرازو رێگەکانی جێ‌خستنی ئەو سیاسەتانە دێتە پێش کە لەو باسەدا "کرماشان" وەك سەرچاوەو نموونەی هەست پێکراوی ئەو سیاسەتانە دەیخەینە بەر سەرنج‌و لە بەشی کۆتایی‌دا لە کارکردو ئاکامەکانی ئەو بابەتە دەکۆڵینەوە.

لە تاوتۆێ کردنی شێوازەکانی لێك دابڕین‌و تواندنەوەی نەتەوەی کورد ئاماژەمان بە "ژینوسایدی سپی"و ئامرازەکانی کرد.

# تا دوا هەناسە خۆشم دەوێی

ئا: هەرێم رانسووری



هێندەی رووناکی کە عاشق بە رەنگی تاریکی شەوە منیش عاشقتم، هێندەی دەریاوانێك کە عاشق بە هاژەی بێکۆتایی ئاوە، منیش عاشقتم، هێندەی ماسییەك کە عاشق بە هەناسەی ئاوە، منیش عاشقتم. چەندین هێندەو هێندەیتر عاشقتم: ئەی پەریزادە کاتێ لە ژوورەکەم دادەنیشتم، بە دیار خوێندنەوەی رۆمانێکەوە بێ شك تۆ دەکەمە پاڵەوانێکی بێ وێنەی ئەو رۆمانە، ئیدی خەیاڵم دەڕواو بیر دەکەمەوە چۆن بە خۆشەویستیت بگەم. ئەزانم ئێستا تۆش خەیاڵت لای منو سەرقاڵی رازاندنەوەی نامەیەکی تاکوو بۆنی هەناسەتی پێدا رەوانە کەی بۆم، بەڵام هیوادارم ئازیزەکەم نامەکەی من پێش ئەوەی تۆ بگاتە جێ تا بە شێنەیی گوێ لە رازی دڵم بگری... ئای خۆزگە ئێستا دەتزانی چەندە دڵم لاتە، چەندە خۆشم ئەوێیت، چەندە تامەزرۆی ماچێکی لێوەکانتم لە ژێر تاوە بارانێکی بەخوڕی بەهاردا یان لە رۆژێکی پاییزداو لە ژێر سێبەری دارێکی گەڵاوەریودا تا لەو ساتەدا پەیمانی خۆشەویستی نوێ بکەینەوە، بە یەك دەنگ پێکەوە بڵێین، !!!! ئێمە عاشقین هەرگیز رێگە نادەین وەکوو گەڵاکان بوەرین تاوەکوو بە خۆشەویستی راستەقینە نەگەین!!!!

بۆم باس بکە ئەو ماوەیەی کە لێت دوورم ژیان چۆن دەگوزەرێنی، ئەزانم کە پێت ناخۆشەو حەز بە ئازارو تەنیایی دەکەی، بەڵام ئەی شازادەی خەونەکانم گەر عەشق ئازاری لەگەڵدا نەبێت، ئیدی بوونی نامێنێ، گەر عەشق فرمێسکی لەگەڵ نەبێتو گۆنای رەنگاڵەیت تەڕ نەکات ئیدی بە تاسەوە چاوەڕوانی یەکدی ناکەین. ئێستا ئێوارەیە کەمێك دەبێ لەسەر کارەکەم گەڕاومەتەوە، بەڵام خۆشەویستی تۆ وام لێدەکا هەموو ماندوو بوونێکم وەلا بنێمو پڕ بە دڵ نامەیەکی قەشەنگت بۆ بنووسم، تا بزانی خەیاڵم هەر لاتە، گەر لەوپەڕی دنیاش بم. ئاوازی ئەو گۆرانییەی کە ئێواران گوێی لێ دەگرم زیاتر تێکەڵ بە چاوەڕوانی خۆشەویستی تۆ دەکات، بۆیە دەڵێم گوڵم چاوەڕوان بە رۆژێك دێت گڕو کڵپەی بەتینی خۆشەویستیت بە هەناسەی تەزیوم دادەمرکێنمەوەو لە کەشێکی ئارام دا عاشقانە تێکەڵ بە جوانییەکانی ژیان دەبین. بەڵام تکام وایە نائومێد نەبیت لەم دووریەی من چوونکە چەندێك لێت دوور بم سەد ئەوەندە خۆشەویستیم بۆت زیاد ئەکات. چاوەڕوان بە رۆژێك هەتاهەتایە دێمە لاتو هەرگیز لێت دوور نابم چونکە ئەو ساتە مرۆڤ بەختەوەرە لەگەڵ مەعشووقەکەدا بێت.

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین




## سەدیق فیروزی

بۆ بەشداری لە دەورەی بەرزی فێر کردنی کادر، هاتبووە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب. هەر لە یەکەم دیدارو لە یەکەم شەوی پێکەوە بوونمان دا، هەموومان هەستمان بە رووح سووکی، شۆخ بوونو قسە خۆشیی کرد. خۆی وەك ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی مەریوان پێ ناساندین. ئێمەش کە هەر کامێکمان لە ناوچەو شارستانێکەوە چووبووینو خۆمان ناساند. لە ماوەی زستانی ١٣٦٣و خاکەلێوەی ١٣٦٤ دا هەموو بەشدار بووانی ئەو دەورەیە یەکترمان باشتر ناسی.

سەدیق فیروزی، نموونەی کادرێکی شۆڕشگێری سەردەمی خەباتی سەختو خوێناوی بوو. زۆر بە زەحمەت دەتتوانی بڵێی کادرێکی سیاسی تەشکیلاتی‌یە، یا فەرماندەو بەرپرسێکی نیزامی. کە دەکەوتە شیکردنەوەی پرسە سیاسیو تەشکیلاتی‌یەکانو، بەو زاراوە خۆشو جوانەی ناوچەی خۆیان دەدواو دەچووە نێو قووڵایی باسەکان، دەتزانی ئەم مرۆڤە تێگەیشتووو پڕە، دەبێ کادرێکی تەشکیلاتیی رێکخەری جەماوەرو بەرپرسێکی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی خۆیان بێ. کاتێکیش بیرو بۆچوونو سەرنجەکانی لە سەر کاروباری نیزامی، هەلومەرجی ئەوکاتی تێکۆشانی پێشمەرگەو هەڵسوورانی چەکدارانەو خەباتی پارتیزانی لە باشووری کوردستانو سەنگو قورسایی هێزەکانی لەم ناوچەیە دەردەبڕی، گومانت نەدەما کە دەبێ ئەم کەسەی بەرامبەرت، فەرماندەرێکی نیزامی یا بەرپرسێکی دیاری هێزی پێشمەرگە بێ. قاڵبوونەوەی لە مەیدانی خەبات داو هەلومەرجی سەختی تێکۆشان، لەم مرۆڤە بە بیرو باوەڕو دل پڕ لە هیوایە ، کەسێکی وای دروست کردبوو کە لە زۆر بارەوە هیوای پێ ببەستیو بە داهاتووی گەشبین بی.

بەلام کاك سەدیقی گوڵی مەجلیسی بەشدارانی ئەم دەروە سیاسی‌یە، هەر کادرێکی سیاسی ـ نیزامی نەبوو. کۆمەڵێك ئەرکی دیکەشی خستبووە سەر شانی خۆی، یا لە راستی دا لە بەر هەست کردن بە گرنگیی هێندێك کار بۆ حیزبو شۆڕش بۆ خۆیو بە ئیمکاناتی خۆی خەمی لەو کارانە خواردبوو. ئەو بە دووربینە دەستی‌یەکەی خۆی وێنەی ساتە مێژوویی‌یەکانو دیمەنە بەنرخو بایەخەکانی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی تۆمار دەکرد. لە پێوەندی بە هونەرمەندانو شاعیرانی ناوچەکەی خۆی، ئەوانە کە دڵیان بۆ ئازادی لێی دەداو رۆژیان لە ئاسۆی ئەو چیایانە هەڵدەهات کە پێشمەرگە کردبوونی بە سەنگەر، غافڵ نەبوو. "عەینەدین" کە من تەنیا لە تەلەفیزیۆن دا دیومەو دەنگیم بیستوە، یەك لەو هونەرمەندانە بوو کە کاك سەدیق هەموو جارێ بە خۆشەویستی‌یەوە باسی دەکردو چەند بیرەوەریی خۆشی لێ دەگێڕایەوە. بەردەوام لە گرنگیو پێویستیی هەبوونی دووربینی فیلم هەڵگرتن لە نێو هێزی پارتیزانو دێکیۆمێنت کردنی حەماسەی پێشمەرگەو ژیانی پڕ لە مەینەتی خەڵك دەدوا. زۆر خۆش بوو لە تەنیشتی دانیشیو گوێ لەم هەمووە ئەزموونو نوکتە وردو جوانانەی بگری کە لە رەوتی خەباتو تێکۆشان لە نێو خەڵکی زەحمەتکێش دا کۆی کردبوونەوە.

بە سەرنجدان بەو هەموو لێهاتوویی‌و توانایەی تێی دا کۆبب‌وونەوە، لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب دا بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی کرماشانی پێ سپێردرا. لە گەرمەی خەمی لەدەستدانی دوکتور قاسملووی رێبەرمان دا بووین کە خەبەری شەهید بوونی ئەویشمان بۆ هات. سەدیق فیرووزی لە قووڵایی ناوچەی تێکۆشانی دا، کەوتە بەر دەستڕێژی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامیو گیانی لەدەست دا.

هەتا وێنەی پەیکەرەی شاخەوانە کوردەکەی هادی زیائەدینی لە نێوەڕاستی شاری سنە دەبینم کە بە کۆڵە پشتی‌یەوەو بە هەنگاوی پتەو رووەو ئاسۆ دەچێتە پێش، سەدیقی جوانچاکی بەژنو باڵا رێکم بە کەلاشینکۆفەکەیەوەو بە کۆڵە پشتی‌یە پڕ لە کتێبو دەرمانو نانە رەقەکەیەوە دێتەوە یاد کە خۆی بۆ چوونەوە ناوچەو سەرکەوتن لە کۆسالانو کوڕەی میانەو کوڕەی مریەمو چیای شاهۆ، ئامادە کردووە.

لەبەر چاومو لە یادم دا، بەو وێنەوە هەمیشە حازرەو لەو ستوویانە ئاوا نابێ.


# دنیای شێعر

بۆ نیما بۆکانیو هەستە ناسکەکەی ئالەشین بۆکانی



**دنیای شێعر ئەم کیژە**
**باڵابەرزەیە**
**دەستم قەت تێر بە باڵای**
**رانەگەیشتووە**
**گەڵێ جاران**
**لە خوڕینی ئەو بزە گەشو**
**رووناکەی**
**لێوی تەسکی**
**لە ژوانێکی چۆڵو هۆڵ دا**
**چووکەڵە ماچێکم بە زۆر لێستاندووە**
**بەڵام قەت، قەت،**
**تاسەو توونیایەتی منیان**
**نەشکاندووە...**
**بۆکان ــ ٨٥/١/١**

## کاریکاتێر



## حەبیبە بابان:

# ئێستا ئەدەبی کلتووری گەلانی تازەپێشگەیشتوو لەبەردەم مەترسی ئەدەبی وەرگیراودا سەرسام بوون

(١ ـ ٢)

هەڤپەیڤین: هومەن مەردانی



پ ـ تکایە خۆتان بە خوێنەران بناسێنن؟

وـ ناوم حەبیبە عەزیز عەبدوڵلایە، لە بنەماڵەی بابانی‌یەکانم، ساڵی ١٩٧٤ لە شاری رانیە لە دایك بووم‌و تا پۆلی سێیەمی ناوەندیم خوێندووە، لە ساڵی ١٩٩٤ەوە تا ئێستا وەك "دەرهێنەر" لە رادیۆی دەنگی مەڵبەندی ٨ی راپەڕین کار دەکەم. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە دەستم بە شێعر نووسین کردووەو یەکەم شێعریشم بە ناوی "غوربەتیم لە ئەلبومی تیشك دا" بوو.

پ ـ ئێوە چۆن هاتنە ناو جیهانی شێعرو شاعیری‌یەوە؟

وـ لەو کاتەوەی هەستم کرد لە ناو هەناوی هەر یەکێك لە ئێمەی مرۆڤ دا چەند زمانێك‌و چەند ئاوێتە بوونێك دەبێ هەبێت بۆ گوزارشت لەو واتایانەی کە جوانی‌یەك بەدیدی رایەکان دەبەخشن.

یاخود ئەندێشەیەك بەربینی هەناسەکانمان ئازار دەدات، پێویستە زمانێك لە قووڵایی دا هەبێت بۆ شی کردنەوەی ئەو بوونانەی هەن‌و دروست دەبن.

جوانترین زمان لەو بوارەدا، زمانی ناخە، دەگمەنن ئەو زمانانەی بتوانن ناخ بهێننە گۆ. من لەسەرەتاوە بڕوام وا بوو، لە رێی زمانی شێعرو شاعیری‌یەوە ئەم دونیایە دەتوانێك فراوانی بە خۆی بدات.

پ ـ تا ئێستا چەند بەرهەمی شێعرتان لە چاپ داوە؟

وـ من بە هۆی سەرقاڵیم بە کاری رۆژانەی رادیۆوە، کەمتر ئەو بوارەم بۆ رەخساوە کە بتوانم بەرهەمە شێعری‌یەکانم لە دوو توێی کتێبێك دا بە چاپ بگەیەنم، بەڵام دەکرێت بڵێم تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو، شێعرو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ‌و باقی بڵاوکراوەو گۆڤارە ئەدەبی‌یەکانی کوردستانی باشووردا بڵاو کردۆتەوە. هەر بەرهەمێکیشم بۆ هەر یەکێك لە رۆژنامەو گۆڤارەکان ناردبێت، بۆیان بڵاو کردومەتەوە، سوپاسیان دەکەم.

پ ـ پێم خۆشە سەبارەت بە شێعری "چەند پەیڤێك بۆ تۆ ئەی نوور" قسەمان بۆ بکەیت؟ بزانم ئەم شێعرەتان زیاتر ئاماژە بە چ بابەتێك یان حکایەت لەچی دەکات؟

وـ هەر تاکێك لە ئێمە، خواست‌و خولیای خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا عەشق هەوێنی هەموو خولیاکانمانە، هەر ئێمەی مرۆڤ زۆر جار کارێك دەکەین کە هاتوچۆ جوانەکانی قەدەر لە رێ لابدەین‌و فێری دەست وەشاندنیان بکەین بە شێوەیەکی نەشیاو!! من دەڵێم: قەدەریش کاری جوانکاری‌و هونەری بەرزی پێیە بۆ نەهامەتی‌یەکان، بەڵام ئێمە لە ساتەوەختی خۆی‌دا هەستی پێ ناکەین‌و ئەویش ئازایانە دەست بە تەواو کردنی ئەرکی سەر شانی خۆی دەکات، شتێکی باشە کارێك کە ئەمڕۆ هەوڵی بەدیهێنانی ئەنجامەکەی دەدەین، قەدەر لێمان هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئێمە ئەمڕۆ زۆری بۆ دەگرین، ناخمان خەستەی کارەکانی قەدەر دەبێت، ئەو گریان‌و خەستەیەی ئەمڕۆ، سبەینێی ژیانمان جوانتر دەکات لەوەی پێشتر گەرەکمان بوو، من لێرەدا مەبەستم گریان نیە بۆ مەرگی ئازیزان، مەبەستی من لە سەر باس‌و چۆنیەتی ئەو شێعرەیە کە تۆ ناوت هێنا. رەنگە دوای مردن‌و بێگومان مەرگی ئازیزان دڵێشم کە زۆر ئازار دەرن بۆ گیانمان، بەڵام جگە لەمەش لە ژیان دا کارەساتی گەورە زۆرن بۆ ئازاری گیانمان لە ئێستا دا، بێگومان هەموو بوونێك گیانی لەبەرە بێ ئەوەی هەست بە هەناسەو جوڵەیان بکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە لە ئێستا دا بۆ کاتی ئازاردانمان دەبێت وا بیر بکەینەوە خۆمان وا فێر بکەین کە ئێستای تر زۆر لە داهاتوودا ماوە، ئەوان جوانن ئەوەش قەدەر وا دەکات دروستکەری هەموو بوونێك وا دەکات‌و ئەمر دەکات کە ئێمە ئازار بچێژین‌و دەبێت بگرین، بۆ ئەوەی چەند بگرین ئەوەندە داهاتوومان جوانتر دەبێت، چەندە نائومێد بین لە کاتی بی هیوایی‌دا ئەوەندە گەشبین دەبین بۆ دیتنی بەرزی ئەو جوانیانەی کە ئێستا لێمان دیار نین‌و ونن ئێمە بە گەشبینی هەستانەوەمان لە ناو فکردا توانراوە ئاسۆی ئومێد لە ناو تەمومژێکی چڕدا ببینینن. ئەو شێعرەش ساڵێك بەر لە ئێستا نووسراوە.

پ ـ بەرێزتان چۆن دەڕواننە باسی پۆست مۆدێرنیزم؟ ئاخۆ شتێك بە ناوی پۆست مۆدێرنیزم چ کاریگەری‌یەکی لە سەر ئەدەبیاتی کوردی دەتوانێت ببێت؟

وـ ئەگەر مەبەستتان مۆدێرنیتەی کوردی‌یە، ئەوا ئێمە نەگەیشتوین بە تەواوی مۆدێرنیتە، چ جای لە پۆست مۆدێرنیتە بگەین، بە نیسبەت ئەدەبیاتیش، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری لە سۆزەوە سەرچاوە دەگرێت، مۆدێرنیتە کاریگەریی سلبی لەسەر هەیە. ئەدەبیات بە گشتی، ئەدەبیاتی کوردیش بە تایبەتی.

پ ـ رای ئێوە سەبارەت بە حەزرەتی نالی چۆنە؟

وـ شاعیرێکی پایەبەرزی وەکوو حەزرەتی نالی لە سەردەمی خۆی‌داو تا ئێستا کارێکی وای خوڵقاندوە لە بواری ئەدەبیاتی کوردی دا، تا هەتایە زیندوویێتی‌و نەمری خۆی دەدات بەو مێژووەی کە چەندین ساڵە تێ پەڕیوەو ئەو رۆژانەی دێن‌و دەچنە مێژووەوە، لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری سەردەمی ئەودا، کەمتر توانایەکی تر هەبوو کە بتوانێت وەك نالی، وێنەی بەرجەستە بوون‌و حەقیقەتی رووداوەکان وەکو خۆی‌و بە جوانی‌یەکی جوانترو سەرنج راکێشتر پەی بە هەموو بنج‌و بناوانێك ببات کە سروشت بە تەواوی جوانی‌و گەورەیی‌یەوە دەری خستون.

یەکێك لە کارە کرنگەکانی نالی ئەوە بووە کە کوردی نووسینی لە شێعر دا کردە باوو بناغەیەکی پتەوی بۆ شێعری کلاسیکی کوردی دارشت کە دواتر بوو بە قوتابخانەیەکی سەربەخۆو شاعیرانی دوای خۆی لەسەر رێبازی ئەو قوتابخانەیە شێعریان دەهۆنیەوە.

لە لایەکی ترەوە من بە پێوانەی زۆربەی ئەو نووسەرانەوە کە رەخنەی ئەوە دەگرن کە نالی شاعیرێکی نەتەوەیی نەبووە، من نالی بەشاعیرێکی نەتەوە پەرست‌و گەل دۆست دەزانم، بەڵگەشم بۆ ئەو قسەیەم، هەندێ لەو شێعرانەیەتی کە ئەگەر بە وردی‌و تێڕامانەوە بیانخوێنینەوە لەوە تێ دەگەین کە داخوا نالی چ هەستێکی نەتەوەیی لە دەروونی‌دا بووە، من لێرەدا نامەوێت ئاماژە بە تەواوی ئەو شێعرانەی نالی بدەم، تەنیا دوو نموونە لە شێعرەکانی دەخەمە روو.

نالی لە شێعری "ئەم تاقمە مومتازە" دا وەسفی هێزە چەکدارەکانی میری بابان دەکات‌و شانازی پێوە دەکات کە دەڵێ:

**ئەم تاقمە مومتازە کەوا خامصەیی شاهن**
**ئاشوبی دڵی مەملەکەت‌و قەلبی سوپاهن**
**سەف سەف کە دەوەستن بەنەظەر خەططی شوعاعن**
**حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن.**

لە شێعرێکی دیکە دا، شێعر نووسین بە زمانی کوردی، بە کارێکی سروشتی‌و کوردی بە زمانێکی خۆماڵی لە قەڵەم دەدات‌و دەڵێ:

تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
**ئیمتحانی خۆیە مەقسودی لە عەمەدا وا دەکا**
**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردی‌یە، خۆ کردەیە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا.**

پ ـ ئاخۆ ئێوە ئاگاتان لەو بزووتنەوە فەرهەنگی ـ رۆشنبیری‌یە هەیە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارا دایە؟ چۆن دەڕواننە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە روناکبیری‌یەو ئاکامەکانی؟

وـ تا رادەیەك ئاگاداری ئەو بزووتنەوەیەم، بۆ نموونە زۆربەی ژمارەکانی سروەو ئاوێنەو زرێبارو سیروان‌و رۆژهەڵات دەبینم‌و بابەتەکانیان دەخوێنمەوە، دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی فەرهەنگی‌و رۆشنبیری لە کوردستانی ئێران دا لەم چەند ساڵەی دوایی دا بەرەو پێشچوونێکی تا رادەیەك باشی بەخۆوە بینیوە، گۆڤارو رۆژنامەکان ئازادتر لە جاران دەتوانن دەنگ هەڵبڕن‌و نووسەرانی کوردی رۆژهەڵات زیاتر لە پێشوو لە رێی نووسینەکانیانەوە بیروڕاکانیان دەخەنە روو، ئەمەش هەمووی هۆکارەکەی بۆ ئەو نیمچە ئازادی‌یە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکە دەسەڵاتدارانی ئێران بە رۆژنامەگەری کوردستانیان بەخشیوە.

بێگومان ئەو بزاڤە دەتوانرێت بە وەرزێکی تایبەت بە فەرهەنگی ئەو خواستانە دابنرێت کە دەمێکە هەوڵی بەرجەستە بوونی دەدرێت، زیاتر بوار بەو رۆشنبیرانە بدرێت کە پێشتر وشەکانیان خەفە دەکراو نەدەتوانرا ئەندێشەکانیان بە کۆمەڵ بگەیەنن. من زۆر بە گەشبینی‌یەوە لە ئایندەی ئەو بزووتنەوەیە دەڕوانم‌و بڕوام وایە بەرەو پێشەوەچوونی زیاتر بەخۆوە دەبینێت.

پ ـ لە پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی نوێ خوازی دا جەنابتان چ رایەکتان هەیەو چۆن سەیری رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێستای کوردستانی ئازادو کوردستانی رۆژهەڵات دەکەن؟


وـ بێگومان لە جیهانی ئەمڕۆدا، نوێخوازی زۆر هەنگاوی فراوانی ناوەو رۆڵی پەرەپێدانی زیاد بووە، لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە کە دیاردەی بە جیهانی بوون روخساری پێشکەوتووتری بە دنیا بەخشیوە، بە چەشنێك کە هیچ گەلێك ناتوانێت لە نێو سیفەتی کیشوەری‌و داخراوی قەتیس بمێنێتەوە.

ئێستا ئەدەبی کلتووری گەلانی تازە پێگەیشتوو لە بەردەم مەترسی ئەدەبی وەرگیراودا سەرسام بوون.

بە باوەڕی من، بۆ ئەمڕۆی گەلانی تازە پێگەیشتوو، هۆشیاری نەتەوایەتی باشترین پارێزەری پێناسەی نەتەوەیی‌یە، بە جۆرێك کە بتوانرێت رەسەنایەتی خۆمان بپارێزین‌و لە قاڵبێکی نوێ ترەوە، بە تەیار بوون بە سیماکانی نەتەوەیی‌و نوێخوازیش‌و بە پاڵ داهێنانەکانمانەوە ململانێی شارستانی بکەین. رۆژنامەگەری لە ئێستای کوردستانی ئازاددا لە ئاستێکی بەرز دایە، چەندان بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاری ئەهلی هەن کە بەبێ ئەوەی هیچ سانسۆڕێکی دەسەڵاتیان لەسەر بێت نووسین‌و بابەت بڵاودەکەنەوە، ئەگەر رەخنەی راستەوخۆش بێت دژ بە حکومەت‌و دام‌و دەزگاکانی. تەنانەت زۆربەیان لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری‌یەوە یارمەتی ماددی دەدرێن، بە داخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا رەوتی رۆژنامەگەری بەو شێوەیە نیە. کە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ نەبووی ئازادی رادەربڕین دەگەڕێتەوە بە مانا گشتی‌یەکەی.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



تاگوور ـ رابنیدرانات
(١٨٦١ ـ ١٩٤١)

شاعیرێکی بەناوبانگی هیندی‌یە، لە ٦ی مانگی مەی ١٨٦١ لە شاری "کەلکەتە" لەدایك بووە، لە حەوتی مانگی ئووتی ساڵی ١٩٤١ هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردوە.

باوکی یەکێك لە پیاوە گەورە ئایینی‌یەکان بووە ـ لە لای مامۆستایانی تایبەت دەرسی خوێندوە، لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا چۆتە بریتانیا، لەو سەردەمەدا خەریکی شێعر نووسین بووە، لە تەمەنی ١٨ ساڵی دا، ئاوازەکانی: هەتاو شامگراهرای بڵاوکردەوە. لەم شێعرانەدا شێوازی رۆمانتیزمی بەرهەم هێنا. لە ساڵی ١٨٤٤ ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە. بۆ بەڕێوە بردنی ملك‌و دارایی‌یەکانی بابی لە کەنارەکانی "گنگ" نیشتەجێ بووە. ئەو باشترین بەرهەمانەی کە لەو سەردەمەدا بڵاوی کردوونەتەوە، بریتین لە: باخەوان‌و سەگە برسی‌یەکان، مانگی ورشەدار. ١٧ ساڵ دواتر کارەساتێکی دڵتەزێن بەسەری دا هات، ژنەکەی‌و هەردوو کچەکەی‌و دواتر کوڕەکەی هەموو مردن، تاکوو ساڵی ١٩٩١ لە (شانکتنیکتان) قوتابخانەیەکی دامەزراند. ئەو قوتابخانەیە دواتر بوو بە ناوەندی جیهانی‌و زۆربەی کاتەکانی لەوێ بە فێر بوون‌و فێر کردن تێپەڕ دەکرد. ساڵی ١٩١٢ سەرلەنوێ چۆوە بریتانیا، لەوێ زۆربەی شێعرەکانی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیسی. تاگوور سەردانی ولاتانی شۆرەوی (سۆڤیەت)، ئەمریکا، ژاپۆن، ئەمریکای باشوور، چین‌و کاناداو ولاتانی ئورووپایی کردبوو، لە ساڵی ١٩١٣ خەلاتی جیهانی نۆبێلی وەرگرت.

ساڵی ١٩٣٠ کۆمەڵێك سمینارو کۆبوونەوەی مامۆستایانەی لە زانکۆی ئەکسفۆردی بریتانیا پێشکەش کرد.

لە تەمەنی ٦٧ ساڵی دا خەریکی وتنەوەی وانەی هونەری نەقاشی بوو.

تابلۆ نەقاشی‌یەکانی تاگوور لە مسکۆ، بیرمنگام، برلین، نیویۆرکن مونیخ‌و پاریس بۆ خەڵك نمایش دران. تاگوور موسیقا ژەنێکی گەورەش بوو، سێ هەزار ئاوازی داناوە، ٦٠ کتێبی شێعری بڵاو کردۆتەوە، کۆمەڵێك داستانی کورت‌و درێژی نووسیون، زۆربەی کتێبەکانی، یا خۆی یا کەسانێکی دیکە کردوویانەتە ئینگلیسی. هێندێك لە کتێبەکانی بریتین لە: پاشای هۆڵی رەش، ناسیۆنالیزم، شێعرەکانی، کەسایەتی، پێوەندی ئەخلاق، جاننس، باخەوان، دیاری خۆشەویستی، تاگوور لە کاتی یادکردنەوە لە حافیزی شاعیر سەردانی ئێرانی کردوە، سروودی نەتەوەیی هیندی پاش وەدەست هێنانی سەربەخۆیی بە رێبەری مهاتما گاندی لە لایەن تاگوورەوە نوسراوە.

***

## موحسین سازگارا:

# جیاییخوازی ئاکامی سەرکوتی ویستە قەومییەکانە

**بەشی دووهەمو کۆتایی**

**موحسین سازگارا یەکێك لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیو لە مۆرە ناسراوەکانی سوپای پاسداران بووە کە تا کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاوی پۆستی جۆراوجۆری بەڕێوە بردوون. سازگارا وەك زۆر کەسی دیکە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پاش ناسینو ئەزموون وەرگرتن لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانی، لەو ڕێژیمە دوور کەوتەوەو بوو بە ڕەخنەگرو تەنانەت دژی کۆماری ئیسلامی. ئەم وتووێژەی لە بەر دەستتان دایە بیرو بۆچوونی ناوبراوە لە بارەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران داو سازگارا بە ئاشکراو بە ڕوونی دیفاع لە مافی نەتەوەکانی ئێران یان بە وتەی وی لە قەومەکانی ئێران دەکا. هەرچەند دەستەواژەو دەربڕینەکانی لە بارەی نەتەوەو فیدرالیزمو.... لە گەڵ دەستەواژو پێناسەکانی ئێمە جیاوازن بەڵام بۆ ئاگادار بوونی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" لە بیروبۆچوونی سازگارا لە بارەی مەسەلە نەتەوایەتییەکانی ئێران دا بە باشمان زانی وەرگێردراوی ئەم وتووێژە چاپ بکەین.**

وتووێژی محەمەد تەهووری ـ و: کۆچەر



و: باسی کوردستان لە قەومەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. کورد تەنیا قەومێکە کە لە نێوان چوار وڵاتی ئێرانو عێراقو سووریاو تورکیادا بڵاو بۆتەوە. لە ئازەربایجانی باکووریش جاروبار دەنگی دەسبەسەرداگرتنی ئازەربایجانی ئێران بیستراوە بەڵام تورکەکانی ئێران هەگیز خوازیاری جیایی لە ئێران نەبوون چونکە شوناسی ئەوان بەتەواوەتی بەستراوەتەوە بە شوناسی ئێرانییەوە، نەتەوەکانی دیکەش هەربەو شێوە. گومان لەوەدا نیە کە دابڕان لە ئێرانو دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە چەند بەشێك لە کوردستانی ئێرانیشدا سەرنجراکێشە، بەڵام ئەمن بۆ خۆم کاتێك بۆ پێشکەشکردنی وتەیەك بۆ کوردستان {ئێران} بانگهێشت کرامو لە گەڵ خوێندکارانو ڕۆشنبیرانی کوردستان پیوەندیم دامەزراند هیچ کاتێك نەمدی لایەنگری لە دابەشبوون بکەن. بە پێچەوانەوە لەو بڕوایەدام ئەوانیش وەکوو ڕۆشنبیرێکی دانیشتووی تاران بیر لە بە جیهانیبوون دەکەنەوە. بیر لەوە دەکەنەوە کە بتوانن داوای مافەکانی خۆیان بکەنو لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە پێکەوە بژین.

**پ: لە هەمان کاتدا وا دێتە بەرچاو کە هێندێك ڕادەر بڕین داهاتوویەکی تر دەخاتە بەردەم قەومەکان." نوام چامسکی" لە وتووێژێك لە گەڵ ئەکبەر گەنجیدا کە لە بی بی سی بڵاو بۆوە دەڵێت: هەندێك زانیاری هەیە کەوا دەنوێنێ دەوڵەتی ئەمریکا دەیهەوێ پشێوی لە ناوچە ئازەری نشینەکانو ناوچە نەوتیەکانی خوزستان دروست بکا، ئەوان ئەگەر بتوانن جووڵانەوەی ئازادیخوازیی ئەهواز پێك بێنن لەوانەیە بە بیانووی داکۆکی کردن لە جووڵانەوەی جیاییخوازانە بچنە قۆناغی شەڕی نیزامی دژی ئێرانەوە.**

**"سەفار هەرەندی" وەزیری فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی لە سەفەرێکدا بۆ ئازەربایجان لە بەردەم ڕۆژنامە نووساندا دەڵێ: بە داخەوە لە بەدواداچوونێکدا کە بۆ بڵاوکە ناوچەییەکان کراوە تێگەیشتین کە ٨٠٪ بابەتەکان ئاراستەی دابەشخوازانەیان لە گەڵدایەو کێشەی نەتەوەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن دەزگاو ڕێکخراوە بیانییەکانەوە ڕێنوێنی دەکرێن.**

**لە لایەکی دیکەوە ئەردۆغان بابەتی پێکهێنانی کۆمەڵەی وڵاتەتورك زمانەکان دێنێتە ئاراوە. لە دۆخێکی ئاوادا وا دێتە بەرچاو هەوڵەکان بەرەو بەهێزکردنی پێگەی جیاییخوازەکان دەڕوات تەنانەت ئەگەر ئەم گەلاڵەیە هیچ تێوریسیەنێکی دەرەکیی لە پشت نەبێ.**

و: ئەوەی کە وەختێك گوشار لە سەر خەڵك زۆر بێت نارەزایەتی دەربڕین زۆرتر دەبێت ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لە ئاوا کاتێکدا ناتوانین جیاوازی بکەی لە ناو هاووڵاتی فارسو کوردو هتد دا. ئەمڕۆ گەنجی تارانی بەقەد گەنجێکی سنەیی نارازییە. حکوومەتی زاڵم هەلومەرجی دوورکەوتنەوە لە ناوەند دەرەخسێنێ بەڵام گەنجی فارس لەو باردۆخەدا بەشوێن ڕێگەیەك بۆ هەڵاتن لەو وڵاتەدا دەگەڕێ بەڵام گەنجی سنەیی یا تەوریزیی ئێمە بیرۆکەیەکی لە بەردەستدایە بەناوی دابڕان. لە بەر ئەوە دروشمی دابەشبوون دەدات. لەم ناوەدا لەوانەیە ئەمەریکاو بەریتانیاش بیانەوێت لەم هێزە شاراوەیە بۆ شەڕ دەگەڵ ئێران کەڵك وەربگرن. ئێستاکە چەند کەس لە ئێران دەدۆزیەوە کە توانایی کۆچیان لە ئێران بێتو بەڵام ژیان لە ئێراندا هەڵبژێرن؟ کاتێك داهاتوویەکی ڕوون چاوەڕێی خەڵك ناکا هەستی دوورکەوتنەوە تیایاندا بەهێز دەبێت. قسەی کۆتاییم ئەوەیە لەوانەیەڕۆژێك ڕوو لە دابەشبوون کردن ببێتە ڕوانگەی زۆرینە بەڵام ئەم ڕوانگەیە گەڵاڵەیەکی جیهانیو ستراتژیەکی بە ئاکام نیە. گرینگتر ئەوەیە کە ئەم ڕوانگەیە نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە سیاسەتمەدارە ئازادیخوازەکانی ئێمە لە نزیکبوونەوە لە کێشەی نەتەوەکان بترسن بە پێچەوانەوە دەبێ لێیان نزیك ببنەوەو لە ڕۆڵی کاریگەری ئەوان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە وڵاتدا کەڵکی لێوەر بگیردرێ.

**پ: لێرەدا ئەم پرسیارە جیدیە دێتە ئاراوە کە هەروەکوو ئێوەش داکۆکیتان لە سەر کرد لە بەردەوامیی بارو دۆخەکە دەسەڵاتی ئێران گرتوویەتەپێش ئەگەری ئەوە هەیە کە جیاییخوازی ببێتە ڕوانگەی زۆرینە لە ناو نەتەوەکانی ئێراندا. لە ئاوا هەلومەرجێکدا جووڵانەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران چۆن دەتوانێ لە قۆناغی گواستنەوە بەرەو دێموکراسی یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزرێ؟**

و: تەنانەت ئەگەر بکەوینە ئاوا هەلومەرجێکیشەوە دەسەڵاتداری سندووقەکانی دەنگدانو بەدیهێنانی داخوازەکانی خەڵك چارە سەرە. بنەمای سپاردنی کاروباری خەڵك بە خەڵك دەبێت فرەوان بکرێت بەڵام بۆ خۆم لەو بڕوایەدام کە ئەم شتە روو نادا. لە قۆناغی گواستنەوە بەرەو دێموکراسی دا بەر لەوەی بابەتی دابەشبوون بێتە ئاراوە بابەتی فیدراتیڤ بوون دێتەگۆڕێ. بەڵام ئەگەر بەوتەی زانایانی ئایینی ئەگەرەکە زۆر بەهێز دابنێینو لە گەڵ داخوازی زۆربەی خەڵك بۆدابەشبوون بەرەو ڕووبین بێجگە لە بەدیهێنانی چارەیەکی دیکەمان نیەو دەبێ سەر بۆ دەسەڵاتی سندووقەکانی دەنگدان دانەوێنی. لەو بڕوایە دام نابێ هێمای ئاماژە لە سەر دەسەڵاتی دەنگی خەڵك وەربگرین. هەرچەند لەو بڕوایە دام ئەگەر بەدروستی هەڵسو کەوت بکەینو سەرەتاییترین مافەکانی کەمینەکان بەرەسمی بناسینو بەجوانیو دروستی شوێن ڕەوتی بەجیهانییبوون بکەوین لە بنەمادا ئەم قسانە هیچ واتایەکیان نابێت.

**پ: وەکوو ئاخرین پرسیار، ئەگەر ئێران لە ڕەوتی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ کۆمەڵگای جیهانی لە گەڵ شەڕێکیتر بەرەو ڕووبێ ئەم شەرە تازەیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مەودای نێوان خەڵكو دەسەڵات. بەتایبەتی کەمینەکان هەروەکوو هەندێك لە سیاسەتمەدارانو سەرکردە سەربازییەکان بیری لێ دەکەنەوە یان زیاتر بوونی نارەزایەتییەکانی خەڵكو بەرەو پێشوازی لە لایەنی بەرامبەری شەڕیان دەدات؟**

و: بە بڕوای من هیچیان ڕوو نادەن ئەگەر شەڕ لە بەینی ئێرانو ئەمریکا دا ڕوو بدات دەبێ بزانین شەڕەکە چۆنە. ئەگەر مەبەستی شەڕەکە لە بەین بردنی ناوەندە ناوکیو ستراتژیکەکانی ئێران بێت بە کردەوە هەموو سەیرکەر دەبن. بەڵام ئەگەر شەڕ بە ئەگەرێکی نزیك بە مەحال وەکوو عێراق یا ئەفغانستان بێت لەو بڕوایە دام خەڵك خۆیان ناخەنە مەترسییەوەو هەڵسوکەوتیان وەکوو خەڵکی عێراق دەبێت نەبەقازانجی ئەمریکایەکان خۆپیشاندان دەکەنو نەپشتیوانی لە هێزەکانی ژێر فەرمانی ڕێبەری ئێران دەکەن. لە ئاوا هەلومەرجێکا پێم وا نیە جیاوازییەکی بەر چاو لە دژکردەوەی نەتەوەجیاوازەکانی ئێراندا ببینن. هەڵبەت لە مێژووی ئێراندا برگە گەلێکی مێژوویی هەیە کە خەڵك لە بەر زۆریی گوشارەکانی دەسەڵات پێشوازیان لە دەرەکییەکان کردوە. ئەوەی کە چ کاتێك خەڵك زوڵمو زۆربە سەر داگیرکاریداو چ کاتێك داگیرکاری بەسەر زوڵمو زۆردا هەڵدەبژێرن، دەستنیشان کردنێکی دژوارە

سەرچاوە:
گۆواری ئینتێرنێتیی "گوزار" ژمارە١٧

## ژنانی چالاکی کورد لە زینداندا :
## لە سەر باوەڕەکانمان پێداگرین



فاتمە گوفتاری، ڕووناك سەففارزادەو هانا عەبدی ژنانی چالاکی کورد لە زیندانی سنەوە لە پێوەندییەکی تەلەیفوونیدا باسیان لە بارودۆخی خۆیان کردوە.

ئەو سێ چالاکە بەندکراوە کە ئەندامی ئەنجومەنی ژنانی "آذر مهر" شاری سنەنو چەند مانگێکە بەندکراون، لە پێوەندیەکی تەلەیفوونی لە زیندانی گشتیی شاری سنەوە لە گەڵ دەبیری ئەنجومەن هەلەومەرجی زیندانو وەزعی خۆیان باسکردوە. ناوبراوان ڕایانگەیاندوە کە تەنیا تاوانیان، مافخوازیو هەوڵدان لە پێناو یەکسانیی مرۆڤەکان دایە، ئەو مرۆڤانەی کە لە وڵاتدا ستەمیان لێ دەکرێو تووشی هەڵاواردن دەکرێن. هەروەها گوتوویانە کە ئێمە بە ناوی مرۆڤ، خوازیاری مافی خۆمانینو وەکو هاوڵاتێك دەمانهەوێ ڕێز لە مافی هاووڵاتیان بگیرێو ئێستاکە دوای تێپەڕ کردنی چەندین مانگ زیندانی بە بێ ئەوەی تاوانێکمان کردبێ لە هەلومەرجێکی دژوار داینو ئەو تۆمەتە بێبنەمایەی خستویانەتە پاڵمان، نە تەنیا لە باوەڕەکانمانیان پاشگەز نەکردووینەوە بەڵکوو بە دیتنی دۆخی زیندانو چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لە گەڵ ژنانی زیندانی زیاتر لە پێشوو بڕوامان بە حەق بوونی داخوازەکانمان هێناوە.

هاناو ڕووناكو فاتمە لە بەشێکی دیکەی وتەکانیاندا ئاماژە بەو ژنانە دەکەن کە چەندین ساڵە لە زیندانەکاندا فەرامۆش کراونو کەس هەواڵیان لێ نازانێو تەنانەت هێندێك لە بنەماڵەکانیان حاشا لە بوونیان دەکەنو پێیانوایە نەبوونیان باشترە لەوەی لە زینداندا بمێننەوە. ئەو سێ ژنە بەندکراوە دەڵێن ئەو ژنە فەرامۆش کراوانە ئێستاکە ئێمە لە پەنا خۆیاندا دەبینن وردەوردە بە دوودڵیەوە متمانەمان پێ دەکەنو باس لە ئازارەکانیان دەکەنو گرفتە بنەماڵەییو کۆمەڵایەتییەکانیان کە بە هۆی زیندان تووشیان بووە دەورووژێننو هەڵسوکەوتی نالەبارو دژەمرۆییانەی بەرپرسانی زیندان دەگێڕنەوە تا بەشکو دەنگیان بە شوێنێك بگا. ئەو پێوەندییە تەلەیفونییە بە ڕستەیەکی کورت کۆتایی پێ هاتوە: "لە بیرمان مەکەن."

## بەشداریی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بێلژیک لە کۆردیناسیۆنی ڕاگرتنی شەر بە دژی کورد

ڕێکەوتی ١٢ فێوریە لە ڕێگای ئەنیستیتۆی کورد لە بروکسێل سێهەمین کۆردیناسیۆنی ڕاگرتنی شەر بە دژی کورد لە ماڵی پارڵمانتارانی بێلژیک بەڕێوەچوو. بەرپرسی کومیتەی بێلژیک کاک کاوە ئاهەنگەری لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداریی کرد و وتارێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. کاوە ئاهەنگەری لە وتارەکەیدا ئاماژەی کرد بە مەترسیی ئێران بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان، مەترسیی بە ئەتۆمیبوونی ئێران بۆ ناوچە و جیهان، پشتیوانیی ئێران لە تێرۆریزم، ئێعدام و قۆڵبەستکردنی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەوانان، حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەنپوور، شەهیدکردنی ئیبراهیم لوتفوڵلاهی لە ژێر ئەشکەنجەدا، بارودۆخی تەندرووستیی ئەیوب گەنجی بە دوای ئەشکەنجەکردنی ناوبرا، قوربانیانی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو ئەنوەر حوسێنپەناهی، ئەرسەلان ئەولایی، ڕووناک سەفازادە، ئەحمەد جەواهێری و هەروەها پیلان و پرۆژەی ژینۆسایدی سپیی ڕێژیمی ئێران بە دژی کوردان لە ڕێگای مادە بێهۆشکەرەکانەوە و چەند باس و بابەتی دیکە هاتنە ئاراوە.



# سوسیال دێموکراسی چیە؟

## ( بەشی هەشتەم )

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێل‌و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە ولاّتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بلاّو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن‌و ئان ماری لیندگرێنە.**

وەرگێڕان لە ئینگلیزی‌یەوە: کەماڵ حەسەنپوور

مارکس تێکۆشا کە گەشەکردنی کۆمەڵگا لە مۆدێلێکی مەزن و سەرنج ڕاکێشدا کۆبکاتەوە و وەسفی بکات و ئەو هەوڵە شتێکی باو بوو لە سەدەی ١٩دا. ئەو باوەڕە کە ڕەوتی گەشە کردنی کۆمەڵگا پەیڕەوی لە هەندێک یاسا دەکا و ئەو یاسایانە دەکرێ ببیندرێنەوە و بە شێوەیەکی زانستی وەسف بکرێن، لە زۆر بواری هزری‌یەوە شتێکی ئاسایی بوو و هۆی ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانە بوو کە لە بواری زانستی سروشتی لە سەدەی ١٨ و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە ڕووی دا بوو. ئەوڕۆ تەنانەت زانایانی بواری زانستی سروشتیش بانگەشەی وەها ناکەن کە بتوانن گەشەکردنی تەواو فیزیایی بە هەندێک یاسا وەسف و لەو ڕێگایەوە وەک سیستەمێک کە بتوانرێ پێشبینی بکرێت دیاری بکەن، جا چ دەگا بە زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی کە بانگەشەی وەها بۆ بواری زانستی خۆیان بکەن.

تەنیا شتێک کە دەکرێ، بە وتەی ئەوان، ئەوەیە کە هەندێک پەیوەندی و هەندێک گریمان بسەلمێندرێن. دەکرێ هەندێک مێکانیزم کە لە ناو ئابووریدا دەوریان هەیە دیاری بکرێن و کاریگەریی ئەو میکانیزمانە دەکرێ تا ڕادەیەک پێش‌بینی بکرێن. بەڵام لە ئابووری‌یەک و کۆمەڵگایەکدا کە بە میلیۆنان خەڵک تیایدا بەشدارن و لەوێدا ژمارەیەک خولیا و داخوازی هەردەم لە گۆڕین خۆ ئاشکرا دەکەن و ژمارەیەک هێزی جۆراوجۆر، کە بەشێکیان هاوکاری یەکترن و ژمارەیەکیشیان نەیاری یەکتر، لە جموجۆڵ دان، مرۆڤ قەت ناتوانێ بە دڵنیایی‌یەوە بزانێ کە ڕەوتی گەشە کردن بەرەو کوێ دەچێ. هۆیەکەی ئەوەیە کە لە پێشدا بریاری بۆ نەدراوە: ئەوە بەستراوەتەوە بە هەڵسوکەوتی خودی خەڵک.

تیۆری‌یەکانی مارکسیزم لێکدانەوەیەکی زانستی و ڕیکوپێکن. ئەوەش دەبێ وەک هەموو تیۆری‌یەکی زانستی بە شێوازێکی زانستیانە واتە بە لەبەر چاو گرتنی واقیعی ژیان بۆ سەلماندنی دروستی پێشبینی‌یەکانی تاقی بکرێنەوە. ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانە پێشتر دەری خستوە کە مارکسیزم وەک لێکدانەوەیەکی ڕیکوپێک ناتوانێ زیاتر لە سیستەمەکانی‌تر کە لە سەدەی نۆزدەدا دامەزراون گەشەکردنی دونیا شی بکاتەوە و پێش‌بینی بکات. تا ئەو جێیەی کە دەگەرێتەوە سەر تیۆری‌یە جیاجیاکان وەک تاک کە خودی لێکدانەوەکە دروست دەکەن، هەندێکیان بەرگەی تاقیکاری لە دونیای واقیعدا ناگرن. بۆ وێنە ئەوە تیۆری مارکسیستی لە سەر بایەخی کار دەگرێتەوە، ئەو تیۆری‌یە کە دەڵێ بایەخی هەر بەرهەمێک پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بە ڕێژەی ئەو کاتە هەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تەرخان کراوە. ئاکامی سەیری ئەو تیۆری‌یە ئەوەیە کە ڕێکخستنێکی ناکاریگەری شێوەی کار بەرهەمی بایخدارتر دروست دەکا لە ڕێکخستنێکی کاریگەر، چونکە ڕێکخراوێکی ناکاریگەر ماوەیەکی زۆرتر بۆ دروست کردنی هەر بەرهەمێک دەخوازێت.

هەر چۆنێک بێت، بەشێک لە تیۆری‌یەکانی مارکس بە نرخ بوونی خۆیان وەک ئامرازی پەرەپێدانی تێگەیشتنی ئێمە لە دونیای واقیع نیشان داوە، و ئێستا بەشێکن لەو شتانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە ناو زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکان قوبووڵ کراون. بەڵام لەو بەشەشدا دەتوانین بڵێین کە مارکس تووشی هەمان چارەنووس بوو کە بیرمەندەکانی‌تری بواری ئابووری و سیاسی لە سەدەکانی ١٨و١٩ وەک ئادام سمیت (Adam Smith) و جان ستیوارت میل (John Stuart Mill) توشی ببون. بەشێک لە تیۆری‌یەکانیان هیچ ڕەوایی‌یەکیان نیە و بەشێکیش ماوەیان بە سەر چووە. لە گەڵ ئەوەشدا هەندێکیان وەک ئامرازی گرنگی شی کردنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ماونەوە.

لەو کتێبەدا ئێمە مامەڵە لە گەڵ دوو چەمکی سەرەکیی سیستەمی تیۆریکی مارکسیستی دەکەین، ئەو چەمکانەی کە وا دەوریان لە گەشە کردنی بۆچوونەکان هەم لە ناو سۆسیال دێموکراسی و هەم لە ناو سۆسیالیزم بە گشتی هەبووە و کە (بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک پێشکەوتووتر) ئێستاش ئامرازی گرنگن بۆ شی کردنەوە. ئەو چەمکانە ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو و خەباتی چینایەتین.

هەر چۆنێک بێت، پێمان خۆشە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە ئەو تیۆری‌یانە وەک ئامرازی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا سەیر دەکەین نەک وەک تاقمێک وەڵامی ئامادە بۆ گیروگرفتە سیاسی‌یەکانی سیاسەتی سەردەمی ئێستا. لە بەشێک لە لێکۆڵینەوە سۆسیالیستی‌یەکاندا جارجار مارکس کەم تا کورتێک وەک دانەری دینێک سەیر کراوە کە قسەکانی پرە ینسیپە ڕێنوێنی‌کەرەکان دیاری دەکەن کە هیچ کات نابێ بکەونە ژێر پرسیار و لە هەندێک لە باسەکانی ئەوڕۆدا جارێکی تر مەیلێک بۆ دەربڕینی ئەو جۆرە لێکدانەوانە بەدی دەکرێت. مرۆڤ دەبێ هەمیشە بەرامبەر بەو وشکەباوەڕی‌یە بیر تەسکانە وشیار بێت: لانی کەم لە بەر ئەوەی کە مێژووی سۆسیالیزم بۆ خۆی پیشانی دەدا کە ئەوە چەندە ترسناکە، و چەندە ئاسان دەتوانێ بکەوێتە ململانێ لە گەڵ وەدیهاتنی بەهاکانی خودی سۆسیالیزم. ئەو مێتۆدانەی کە ئێمە لە فکرەکانی ئازادی و یەکسانی نێزیک دەکەنەوە دەبێ تەنیا لە گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانە و بە بیرێکی ئاواڵەوە لە سەر هەڵومەرجی ئەمڕۆی جیهان و ئەو گیروگرفتانەی کە لە گەڵیان ڕووبەڕووین بدۆزرێنەوە، نەک لە وەرگێڕانەوەی ووشە بە وشە و وشکەباوەڕی‌یانەی بەرهەمەکانی مارکس.



### ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو

بە پێی کتێبە کۆنەکانی مێژوو، گوستاو ئادۆلفی دووهەم (Gustav II Adolf)[1] بۆ پارێزگاری لە هاودینە پڕۆتێستانەکانی لە دژی هەڕەشەی کاتۆلیسیزم کەوتە ناو شەڕی ٣٠ ساڵە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر نوێ‌تر، تێوەگلانی سوێد لە شەڕ وەک هەنگاوێک دەبینرا بۆ هەمان سیاسەتە داگیرکەری‌یانەی کە پێشدا ببوە هۆی شەڕ لە ولاّتانی باڵتیک و پۆلەند کە بە ئاشکرا هاندەری ئابووریی هەبوون.

ئەم دوو شێوە جیاوازەی وەسف کردنی یەک ڕووداو جیاوازیی نێوان ڕوانگەی ئایدیالیستی و ماتریالیستی لە سەر مێژوو نیشان دەدەن. بە پێی بۆچوونی ئایدیالیستی لە سەر مێژوو ئەوە فکرەکانن کە وزەی مۆتۆری گەشە کردن پێک دەهێنن. لە لایەکی ترەوە بە پێی ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو ئەوە مەسەلەی پێویستی‌یەکانی ئابووری، ئاڵوگۆڕی تەکنیکی و فاکتەرەکانی پەیوەندی‌دار بە ئەوانن.

ناوەڕۆکی ڕوانگەی مارکسیستی لە سەر مێژوو ئەو بۆچوونەیە کە پەیوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان هەروەها بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا یەکلاکەرەوەن، "سەرخانی کۆمەڵایەتی". لە کۆمەڵگای کۆنی کشت‌وکاڵیدا ئەوە تەنیا ژیانی کار و مەرجەکانی کار نەبوون کە جیاوازی‌یان لە گەڵ شێوەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا هەبوو، هەروەها ڕێکخستنی سیاسی و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەش جیاواز بوون. "شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی بریاردەرن بۆ پرۆسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕوحی بە یەکەوە. ئەوە هۆشیاری خەڵک نیە کە بوونی ئەوان دیاری دەکات، بە پێچەوانە، ئەوە بوونی کۆمەڵایەتیی ئەوانە کە بریاردەری هۆشیاریی ئەوانە" مارکس لە کتێبی "هەڵسەنگاندنی ئابووریی سیاسی"دا دەنووسێ. مەبەستی مارکس تا ڕادەیەک ئەوەیە کە بۆچوونەکان بریاردەری شێوەی داڕشتنی کۆمەڵگا نین، بەڵکوو ئەوە مەرجەکانی ژیانن، کە تێکنۆلۆژی و ئابووری دروستیان کردوون، کە بیروبۆچوونەکان دیاری دەکەن.

وەک نموونەیەکی ڕوونکەرەوە دەکرێ ئاماژە بە گۆڕانی هەڵوێستی ئێمە لە ئاست سوود (interest) بکەین. لە سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەرگرتنی بەهرە بۆ هەر شتێکی کە بە قەرز درابا تاوان بوو، بە تێکنۆلۆژیی ئەو سەردەم ناوەندی گەورەی بازرگانی و پیشەسازی کە پێویستی‌یان بە بازاری دارایی کاریگەر هەبێ نەبوون. هاوتەریب لە گەڵ پرۆژەی مەزن کە تێکنۆلۆژی هەلی بۆ ڕەخسادبوون، پێویستی قەرز کردنی پارە هەر دەهات و زیاتر دەبوو؛ و بۆ قەرز کردنی پارە بۆ پرۆژەی پڕ مەترسی، مرۆڤ ناچار بوو نرخی بۆ بدات. بەو شێوەیە بێزراویی ئەخلاقی بە دژی بەهرە لە ناوچوو.

کاتێک کە مەرجەکانی بەرهەمهینان لە ڕێگای گەشەکردنی تەکنیکی، لە ڕێگای ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتی بازرگانی کردن و شتی تر دەگۆڕێن، ئینجا دەبێ شێوەی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بگۆڕێت. هاوتەریب لە گەڵ پەرەستاندنی کۆمەڵگای پیشەسازی شێوەی ڕێکخستنی ئەنجوومەنی نوێنەران (دابەش کردنی کورسی‌یەکان بە سەر سێ چینی نەجیب‌زادە و پیاوانی ئایینی و خەڵکی ئاسایی) شتێکی نامومکین بوو و لە جیاتان شێوەی ڕێکخستنی دوو ئەنجوومەنیی (ئەنجوومەنی پیران، ئەنجوومەنی نوێنەران) جێگای گرتەوە، لە گەڵ چوونە سەری گرنگی پیشەسازی و هەروەها کرێکارانی ناوەندەکانی پیشەسازی، ئیتر دەرهاویشتنی ئەوان لە بەشداری کردن شتێکی نامومکین بوو. "لە گەڵ گۆڕانی بناغەی ئابووری، بە دوای ئەودا سەرخانی قەبەی ئابووری توشی ئاڵ و گۆڕێکی کوت‌وپڕ دەبێت". بۆ ئەوەی کە جارێکی‌تر ئاماژە بە "لێکدانەوەی ئابووریی سیاسی" بکەین.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# قەیران، بیری ستراتیژیك، ڕیفۆرم و کۆنگرەی ١٤

رامبود لوتفپووری

### بەشی یەکەم

"لە گوتارو ئاکارو تێگەیشتنی بژاردەکانی (ڕێبەرانی) ئەم نیشتمانەدا، بە دەگمەن نیشانەیەك لە بیرێکی شێلگیر (جیددی) سەبارەت بە قەیران و چارەسەر کردنی دەبینین... زۆربەی بژاردەو بڕیاردەرانی ئەم نیشتمانە، بەردەوام ڕەهەندێکی کێشەکە بوونە نەك بەشێك لە چارەسەر".
محەممەدرەزا تاجیك

هەر سێ چەمکی قەیران بیری ستراتیژیك و ڕیفۆرم یان گۆڕانکاری پێوەندییەکی لۆژیکی و لێك دانەبڕاویان پێکەوە هەیە. واتە ئەگەر قەیران ئەو دۆخە نائاساییە بێت کە بایەخ و نۆرمەکانی سیستمێك ڕەوایی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە هۆی ناکارابوونی سیستم و پێوەندییە باوو دانپێدانراوە ناوەکی و دەرەکییەکانی تووشی کێشەو گرفتی جیددی دەکەن، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین بیری ستراتیژیك لێکدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو بارودۆخەو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دەرباز بوونە، ڕیفۆرمیش واتە پرۆسەی گۆڕانکارییە پێویستەکان و داڕشتنەوەی بیچم یان پراکتیزە کردنی چارەسەر. بەم سەرەتایەوە دەمهەوێ ئاوڕێك لە کێشەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەمەوەو تا ڕادەیەك شرۆڤەی مەترسییەکان و دوورەدیمەنەکانی بەردەم داهاتووی ئەم حیزبە، بەتایبەت لە کۆنگرەی ١٤ و دوای کۆنگرەدا بکەم. کێشەو ململانێیەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوو لە چەشنە نالۆژیکییەکەی کە لە سەروبەندی کۆنگرەی ١٠وە دەستیان پێکردو لێکدابڕانی یەکسالْ لەوەپێشیان لێکەوتەوە، جێگای هیچ شك و گومانێك ناهێڵنەوە کە ئەم حیزبە دەمێك بوو کە تووشی قەیرانێکی جیددی و مەترسیدار هاتبوو، قەیرانێك کە سەرەتا لە ئاستی ڕێبەریدا سەری هەڵداو لە کۆمەڵێك گرفتی نێوخۆیی و بەتایبەت کێشەی دەسەڵاتەوە سەرچاوەی دەگرت. تا ڕادەیەك کە دەتوانین بڵێین ئاکامی ئەو ململانێیە، حیزبی دێموکراتی لەباری سیاسی، ڕەوایی (بایەخ و نۆرمەکانی)، سایکۆلۆژیك و کۆمەڵایەتییەوە کرد بە وێرانەیەك و هەموو پرەنسیپ و بنەمایەکانی ڕەوایی ئەو حیزبەی تێکشکاند. واتە ئەو کەسانەی کە دەبوو لە یەکەم هەنگاو دا ببنە چارەسەری قەیرانەکە نەك هەر نەبوون بە بەشێك لە قەیران بەڵکوو تەنانەت لە پێناو شکاندن و سووکایەتی کردن بە یەکتر سنوورەکانی دۆست و دوژمن، خودی و ناخودی، چاك و خراپ، ڕەواو ناڕەواو.... یشیان بەزاند. بەم شێوەیە بژاردەکانی ڕێبەریی حیزب ئەوەی هەیانبوو لە ڕابردوویەکی پڕشانازی و بوونێکی ڕەواو بایەخ و بەهای بەرزی شۆڕشگێڕانە، بە دەستی خۆیان لە گۆڕیان ناو هەموویان کرد بە قوربانی ململانێیەکی نالۆژیکی و

بەوەی کە هەتبوو کڕیاری نیە. دونیای هەڤرکی و پرەنسیپی باشتر بوونی ڕێژەیی (مزیت نسبی) گەلێك بێبەزەییە و ئەوەی توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ نەبێ لە گۆڕەپانی هەڤرکی وەدەری دەنێ و بێگومان خەمیش بە دەرەنجام و نەخۆشییەکانی ئەو دۆخەیەوە ناخوا. کەوابوو بۆ بەشدار بوون لەو هەڤرکییەدا دەبوو گۆڕانکاری و ڕیفۆرم بکەین بە ناموسی مانەوەو بەردەوامیی خەباتەکەمان، کەچی نەك هەر ئەوەمان نەکرد بەڵکوو لەو



هەر سێ چەمکی قەیران بیری ستراتیژیك و ڕیفۆرم یان گۆڕانکاری پێوەندییەکی لۆژیکی و لێك دانەبڕاویان پێکەوە هەیە. واتە ئەگەر قەیران ئەو دۆخە نائاساییە بێت کە بایەخ و نۆرمەکانی سیستمێك ڕەوایی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە هۆی ناکارابوونی سیستم و پێوەندییە باوو دانپێدانراوە ناوەکی و دەرەکییەکانی تووشی کێشەو گرفتی جیددی دەکەن

ناڕەواو لەو پەڕی پاسیف بووندا ڕێگای لێکدابڕان و جیابوونەوەیان تەخت کرد. خاڵی مەترسیدارو هەرە کارەساتباری ئەو قەیرانە قۆناخێك بوو کە شەپۆلی ململانێیەکان داوێنی حیزب و ڕیزەکانی خوارەوەی ئەو حیزبەی، واتە بەدەنەی گرتەوە. لەو کاتەوە بوو کە ڕەوایی گشتییەتیی حیزب بە ئایدۆلۆژیاو پێکهاتەو ڕێبەرایەتییەکەشییەوە چوونە ژێر پرسیارو قەیران وەك ڕنوویەك دارو نەداری ئەو حیزبەی ڕامالْی و بەم ڕۆژەی گەیاند کە دەبینین.

لێردا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ گەلۆ لە جێدا هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە چ بوو؟.

چ دەبوو بکرێ و نەکرا؟ چ دەبوو نەکرێ و کرا؟

وڵامێکی کورت بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: دەبوو گۆڕان بکرێ و نەکراو نەدەبوو تووشی پاسیڤیزم و خۆبەدەستەوە دانی هەل و مەرج ببین و بوون. ئێمە لە دونیای گۆڕانکارییەکاندا دەژین، سەردەمێك کە "تافلێر" بە مەرگی سەقامگیریی ناوی دەبات. لەم بازاڕی هەڤرکییەدا، ئێستا چیت پێیە گرینگە و ڕۆڵ دەبینێ، خۆڕانان

پەڕی دەستەوەستانی و بێپرۆژەییدا خۆیان دایە دەستی هەل و مەرج و داسەپاوییەکانی دەوروبەرەوە. دابەزینی بێپرۆژە لە شاخ و نیشتەجێ بوون لە کەمپە پەنابەرییەکانی دەشتی کۆیە و دەرەنجامەکانی وەك دوورکەوتنەوە لە خەڵك و گوتاری زاڵی کۆمەڵگا، تێکەڵاو بوون بە ژیانی نیوەشاری دابڕان، لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات، کۆنسێرڤاتیزە بوون، کاڵ بوونەوەی هەست و بیری شۆڕشگێڕانەو گەندەڵی هەمە لایەنە گەیاندو وێنەی ئاستێك کە دوایین پاساوەکانی ڕەوایی بوون و خەبات و بایەخە شۆڕشگێڕییەکانمان لێ دەستێنێ

دەکرێ بڵێین کە سەرەکیترین هۆکاری تووش بوون بەم قەیرانە و چەقبەستن تێیداو بێوزە بوون بۆ دەرباز بوون، نەبوونی بیری ستراتیژیك لە نێو سەرکردایەتیی حیزب لەو قۆناغە دیاریکراوە دایە. بە واتایەك ڕێبەرایەتیی حیزب هیچ خوێندنەوەیەکی ستراتیژیکی بۆ ئەو دۆخە نوێیە نەبوو دیسان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەو قەیرانەکان هانای بۆ میکانیزمە ئەزموونکراوەکانی پێشوو دەبرد، مێتۆدێك کە لە زانستی بەڕێوەبەریی نوێدا بەکار ناهێنرێت و وەلانراوە. ئەوەی کە ئێستا وەك شێوازی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ شێوازی بیری ستراتیژیك واتە بیرکردنەوەو پراکتیزە کردنی هاوکاتە ( بیرو کردەوە پێکەوە). مخابن کە هەنووکە ڕێبەرایەتیی حیزب تەنانەت بەدوای ئەو لەتبوونە کارەساتبارەشدا دیسان کە باس لە ڕیفۆرم و گۆڕان دەکات باس لە بەکار هێنانی شێوازی کۆنی هەنگاو بە هەنگاو دەکات و گۆڕانکاری و ڕیفۆرم لە پێش مەرجەکانی ڕیفۆرمدا کورت دەکاتەوەو بە هیچ شێوەیەك بەلای ئامانج و ستراتیژیی گۆڕان دا ناچێت. باس لەوە دەکات کە مەبەستی ڕیفۆرم لە حیزبی دێموکرات بەشدار کردنی ژنان و لاوان لە دەسەڵات دێموکراتیزە کردنی پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزبە. کەسیش ناپرسێ کە هاوڕێی ڕێبەرایەتی! ئەمانەی کە وەك مەبەستی ڕیفۆرم ئاماژەیان پێدەکەی ڕاستە هەموو خاڵی پۆزەتیڤن و وەك پێش مەرج و سەرەتایەك بۆ ڕیفۆرم چاویان لێدەکرێ بەڵام ئامانجی سەرەکیی ڕیفۆرم و ستراتیژیی گۆڕان لە کوێی پرۆژەکەت دایە؟

ئایا تەنیا بەسندە کردن بە جێبەجێکردنی ئەو شتانە حیزب دەباتەوە نێو گۆڕەپانی هەڤرکیی سیاسیی کوردستان و دەبیتە هۆی چالاك بوونەوەی. پێت وانیە ستراتیژیی ڕیفۆرم چالاك بوونەوەی حیزب و بوونی بە ئەکتەرێکی ئەکتیڤ و سەربەخۆیە لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەم فاکتانەی ئێوە مادام کە کاریگەر بوونی حیزب لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی لێناکەوێتەوە دەتوانن چ گرینگایەتییەکیان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت؟

بۆیە پێم وانیە بەکارهێنانی نێوی ڕێبەر بۆ کەسانێك کە خاوەن هیچ خوێندنەوەو بیرێکی ستراتیژیك نەبن دروستو لە جێی خۆیدا بێت. بەڵکوو کەسانێکی لەو چەشنە زیاتر کاربەدەستی حیزبین تا ڕێبەری حیزبی. یا لانیکەم دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات جگە لە سەردەمی د. قاسملووو بەتایبەت لە پاش شەهید بوونی د. شەرەفکەندی بە ئێستاشەوە لە بوونی ڕێبەرییەکی ستراتیژیست بێبەش بووەو تەنیا ڕۆڵی ئەم کاربەدەستانە دووپات کردنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو، خولانەوە لە بازنەیەکی داخراوو خۆبەدەستەوەدانی هەلومەرجی داسەپاو بەمەبەستی پاراستنی پێکهاتەیەکی نەگۆڕاوو مانەوەیەکی ڕەمزی بووە.

## پەڕیڤ

# شۆڕشگێڕانی داماو

سامان فەقێ نەبی

"پێویستە باس لەو شتانە بکەین کە زۆر کەس لەوانەیە لێیان ئاگادار بن، بەڵام ناوێرن تەنانەت لە لای خۆشیان بیدرکێنن".
تولستۆی

مشتومڕی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەرەوەی وڵات لە سەر ئەوەی کە کامیان نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کامیان پێگەیەکی جەماوەریی بەهێزتریان هەیەو بەو پێیە لەتێکی زۆرتر لە خوانی دەسەڵاتی دوارۆژی کوردستانیان وەبەر دەکەوێ، هیچ کات نەبڕاوەتەوە. ئەمە لە حاڵێك دایە کە ئەو پارتانە پێویستە لە جیاتی ئەو دەمەقاڵەیە، ئاوڕێك لەو دۆخە پارادۆکسیکاڵە بدەنەوە کە تێی‌کەوتوون و بێپرۆژەیی و دەستەوەستانیی خۆیان چیتر لەو ڕێگایەوە حەشار نەدەن. کاکڵەی ئەم وتارە هێنانەئارای چەند پرسیاری سەرەکییە کە بێگومان زۆرێك لە ئێمە وەڵامەکانیان دەزانین.

### ئایا لە ئاکامی چالاکیی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شتێك بە ناوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هاتۆتە ئاراوە؟

هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ( بەتایبەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەك) خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکییە کە گرنگترینیان بریتییە لە هەبوونی ڕێکخراوە یان هەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان ڕێکخراوەگەلێك کە ئامانجی هاوبەشیان هەیە، هەبوونی ڕێبەرییەکی جێگای متمانەو باوەڕپێکراو لە لایەن خەڵکەوە، لە ئارادا بوونی ئیدئۆلۆژیی و بەو پێیە داڕشتنی ئیستراتیژیی خەبات. کە ئەمانە هیچکامیان لە قۆناغی ئێستادا لە ژینگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەدی ناکرێن.

لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەمرۆکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پتر لە ١٠ پارتی سیاسی بەدی دەکرێ، کە سەرەڕای هەبوونی ئامانجی هاوبەش، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نەیانتوانیوە گوتارێکی یەکدەستی نەتەوەیی بیچم پێبدەن. لە بواری ڕێبەرییشدا لە خوا بەزیاد بێ وەزعەکە لەوپەڕی باشی دایە!!! ئەوەتا نەك تەنیا هەر پارتێك سەرکردەی خۆی لێ‌بۆتە قارەمانی نەتەوەیی کە سوپەرمەنەکانی باقیی حیزبەکان بە حیسان ناهێنێ، بەڵکوو هاوکات دەبینن کە بۆ بەشداری کردن لە خوانی دەسەڵات، لە نێو هەر پارتێکدا کۆمەڵێك تینووی دەسەڵات خەریکن بەردەوام چاڵ بۆ یەکتر هەڵدەکەنن.

لە بواری ئیدئۆلۆژیکدا، سەرلێشێواوی باڵی بەسەر بزووتنەوەدا گرتوە. بۆ وێنە هێشتا هیچ نەبووە بەشێك خولیای ئەوەن کە وێڕای ڕزگاریی نەتەوەیی، نیزامی سەرمایەدارییش لە کوردستاندا بڕووخێنن و بەهەشتی مەوعوودمان بۆ بە دیاری بێنن. بەشێکی تریش لە پێناوی مەرحەباو زەردەخەنەیەکی چەند تورکێکی شۆڤێنیست و چەند فارسێکی فێڵباز کە نانی ساویلکەیی کورد دەخۆن، ئەگەر پێیان شوورەیی نەبێ، حاشا لە کوردستانی بوونیشیان دەکەن.

### ئایا شتێك بە ناوی ئیستراتیژیی خەبات لە پلانی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەکەوێتە بەرچاو؟

لە پێوەندی لەگەڵ ئیستراتیژیی خەباتدا، مەسەلەکە ڕوونەو پێویست بە درێژدادڕی ناکا. دوو بەربژێر (گزینە) لە بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کورد دا هەیە: یان خەباتی چەکداری و ناچار کردنی ڕێژیم بە دانوستان، یان خەباتی مەدەنی و دەستەبەرکردنی بەرە بەرەی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد. بەڵام پرسیاری سەرەکیی لێرەدا چیە؟ ئەگەر ئۆپۆزیسۆنی کورد لە تاراوگە لە ژێر کاریگەریی گوتاری زاڵی سەردەم، واتا بێ‌ئاکام بوونی خەباتی چەکداری (پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە داماویی و بە ئاسانی قبووڵ کردنی گوتاری زاڵ، حاڵەتێکە کە لە لایەن گەلێك بیرمەندی وەکوو "میشێل فۆکۆ" و "هێربێرت مارکوزە"وە قامکی لەسەر دانراوە. ئەو حاڵەتە ئیرادەو توانای داهێنان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە لە مرۆڤی چەوساوە دەستێنێتەوە) وازی لەو میتۆدە هێناوەو بە شێوازێکی نەگونجاوی دەزانێ، ئیتر وروژاندنی هەستی ڕۆمانتیکی لاوان لە نێوخۆی وڵات بە وەرگرتنی پێشمەرگەو نیشاندانی بەردەوامی هێزی چەکدار لە سەر شاشای TV یەکان چ مەبەست و مانایەکی هەیە؟ ئایا ئەمە بە واتای فریودانی خەڵك و کایە کردن بە هەستی لاوان نایەتە ئەژمار؟ ئایا لەوەها حاڵێکدا هیچ چەشنە مەنتیقێك لە ڕاکێشانی لاوان بۆ نێو کەمپی ئاوارەکان بە دی دەکرێ؟ ئایا پاراستنی گیانی چەند سەرکردەیەك پێویستی بەو هەموو چەکدارە هەیە....

ئەگەریش ئەو پارتە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە نافەرمانیی مەدەنی باشترین ڕێگای بەچۆك داهێنانی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیەو لە چوارچێوەی نیزامی (توتالیتێری) کۆماری ئیسلامی‌دا دەرەتانی چالاکی هەیە، ئیتر فەلسەفەی وجوودی ئەو پارتەنە لەوەها حاڵەتێکدا لە چی‌دایە؟ لەوانەیە بگوترێ کە ئێمە (واتە پارتەکان) شێوەکانی نافەرمانیی مەدەنی بۆ وێنە لە ڕێگای TVیە بێ نێوەرۆکەکانمانەوە بۆ خەڵکی نێوخۆ دیکتە دەکەین، کە ئەوە بێگومان بێحورمەتییە بە شعووری خەڵك. نافەرمانیی مەدەنی کاتێك لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێدەکرێ کە ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی دیاری ئەو بوارە خۆیان لە نێو جەماوەردا بن و وێڕای بەشێك لە تێچووی ئەو جۆرە خەباتە وەئەستۆ بگرن و بە پێی هەلومەرج بەردەوام میکانیزمی نوێ بدۆزنەوە. حاشا هەڵنەگرە کە هەر جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوەیەك لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئەگەر لە چەشنی نافەرمانیی مەدەنییش بێ، بە پێی ماهییەتی ئەو ڕێژیمە تێچووی ئینسانی و ماددیی دەبێ. لەوەها حاڵێکدا کارکردی ئەو پارتانە لە تاراوگە هیچ نیە جگە لەوەی کە بن بە بینەرێکی ڕووداوەکان و هەرکامیان هەوڵ بدا تێچووو دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵك لە نێوخۆی وڵاتدا بۆخۆیان پاوان بکەن و بازرگانیی پێوە بکەن....

# گۆڤاری "زنان" لە ئێران داخرا،

# بەڵام بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان هەر بەردەوام دەبێ

**مانگنامەی "زنان" کە بەرپرس و بەڕێوەبەرەکەی خانمی شەهلا شیرکەت بووو لە ڕێبەندانی ١٣٧٠ەوە دەردەچووو تا ئێستا ١٥٢ ژمارەی لێ‌دەرچووە، ڕۆژی ١٣٨٦/١١/٧ بە حوکمی "هەیئەتی چاوەدێری بەسەر بڵاوکراوەکاندا" داخرا.**

کوێستان فتوحی

ڕێـــژیمی کۆنەپەرســتو دژی ئینســانیی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران، ٢٩ ســاڵە بــە بیــانووی جۆراوجــۆری وەك نەهێشــتنی فەسادی ئەخلاقی، ڕەچاو کردنی حیجــابی ئیســلامیو هـــەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامیو... ژیانی لــە ژنــانی ئــەم وڵاتــە کردۆتــە دوزەخ. نابەرابەریو توندوتیژی لە دژی ژنان لە تایبەتمەندییەکانی نیزامـــی کۆمـــاری ئیســـلامین. خومەینی هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا شەڕی لــە دژی ژنــانی ئێـران ڕاگەیانـد. ڕۆژی ١٧ی ڕەشـــــەمەی ١٣٥٧ (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، خومـەینی کـە قسـەی بۆ کۆمـەڵێك لـە ژنان دەکرد، وتـی" خانمـەکان دەتـوان بچــنە ئیـدارەکان بــەڵام بــە حیجابەوە دەبێ بچن". ئـەو ٨ی مارسی بە دیاردەیـەکی ڕۆژئـاوایی نابردو وتی هیچ پێوەندییـەکی بـە ژنانی ئێرانەوە نیە. فەرمانی " یا ڕووسەری یا تووسەری" لە لایـەن لایـــەنگرانی خومەینی‌یـــــەوە ســـــەرەتای دەســــتپێکردنی سەرکوتی ژنان بوو. ئامـانجی ئـەو ڕێبەرە کۆنەپەرستە ئەوە بوو کە ڕۆحییــەی ئازادیخوازانــەی ژنــانی ئێــران تێـك بشـكێنیو پایـەکانی حکوومەتە ڕەشەکەی قایمتر بکا. لــە هــەموو یاسـاو ڕێسـاکانیاندا ژنیان بە مرۆڤێکی پلـەدوو داناو یاسـاکان پڕ بـوون لـە جیاوازیو پێشـــل کردنـــی بەئاشـــکرای مافەکانی ژنان. ئەو یاسایانەی کە ئەمرۆشـی لەگەڵـدابێ پێوەنـدیی نێــوان ڕەگــەزی نێــرو مێــی بــە جۆرێك ناهاوسەنگ کردوە کە نـەك هـــەر ژنـــان بـــەڵکوو ســـەرتاپای کۆمـــەڵگای ئێرانـــی تووشـــی گێروگرفـتو شـێواوی کـردوە. لـە مـــاوەی ٢٩ ســـاڵی ڕابـــردوودا ســـەرکوتی ژنـــان یـــەکێك لـــە ســـەرەکیترین کــارو بەرنامــەکانی حاکمانی کۆماری ئیسـلامی بـووە. تــەرحو بەرنامــەی بــەردەوام لــە هەموو بوارەکاندا لە دژی ژنـان لـە بــەرزترین پلــەکانی حکوومــەتی‌دا هاتوونـــە بـــەرباسو بڕیـــار لەسەردان. ڕێژیم بـە بـەکارهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتانە، ویستی بـە شـــێوەیەکی سیســـتماتیكو ڕێکخراو، ژنان بشکێنێو بیانکاتـە کۆیلــەو، کولتــووری کۆمــەڵگای ئێــران بەرێتــەوە بــۆ ســەدەکانی ناوەڕاست.

بــەڵام ســەرەڕای ئــەو هــەموو سەرکوتو چەوسانەوە یاسـاییانە، ژنانی ئاگاو ئـازای ئێـران قـەت لـە خەباتو بەربەرەکانی لەگـەڵ ئـەو یاسـاو کولتـوورو سـوننەتانە کـە ئاخونـدە دواکـەوتووەکان بەسـەر کۆمـەڵگای ئێرانیانـدا سـەپاندوە، غـافڵ نـەبوون. هـەر لـە لەیەکـەم ڕۆژەکانــەوە بــە ناڕەزایــەتی لــە قسەکانی خومەینی زۆربـەی ژنـانی کارمەنـد لـە چـوون بۆسـەرکار بـە حیجابەوە خۆیان پاراستو لـە دژی ئـــەم بڕیـــارە کۆنەپەرســـتانە خۆپیشـــاندانیان وەڕێ خســـت. نزیکەی ١٦ هـەزار کـەس لـە ڕۆژی ٨ی مارســـی هـــەمان ســـاڵ لـــە دانشـــکەدەی فـــەننیی تـــاران کۆبوونـەوەو ئـەم ڕۆژەیـان کـردە ڕۆژی خۆپیشـــاندان لـــە دژی بڕیارەکـــەی خومـــەینی. ئەمـــە ســـەرەتای بەربـــەرەکانیی ژنـــانی ئاگاو وشیاری ئێران بوو لـە دژی ڕێـژیمی کۆنەپەرسـتی خومـەینی. لـــەو کاتـــەوە بزووتنـــەوەی بەرابـەریخوازیی ژنـان بەشـێوەی جۆراوجـــۆرو لـــە ســـەنگەری جۆراوجـۆرەوە هـەوڵی داوە ئـەو ناهاوســـەنگیو نابەرابەرییانـــەی بەسـەر ژنانـدا سـەپاوە تێـك بـداو ژیانێکی ئینسانی‌یان بۆ دابین بکا. یـەکێك لـەو بوارانـەی کـە ژنـان بـۆ داکۆکیکردن لـە مافـەکانی خۆیـان هاتبوونـــە مەیدانـــەوە، بـــواری ڕاگەیاندن بوو، بە تایبەتی لـەم دوو دەیــەی ڕابــردوودا بــە نووســینو دەرکردنـــی گۆڤـــارو دامەزرانـــدنو بـــەڕێوەبردنی بڵاوکـــراوەو ســـایتو وێـــبلاگ دەســـتیان کـــرد بـــە وەڕێخســـتنی بزووتنەوەیـــەکی گەورەی فەرهەنگیو لەو ماوەیـەدا ئـەدەبیاتی ژنـان پێشـکەوتنێکی یـەکجار زۆری بـەخۆوە بینـیو، ئاگایی ژنـانیش تـا ڕادەیـەکی زۆر چووەسەرێ. لە ماوەی ئـەو چـەند ســاڵەدا بــە دەیــان گۆڤــارو بڵاوکراوەو سەدان سـایتو وێـبلاگ تایبــەت بــە مەســەلەو کێشــەکانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێرانـدا سـەریان هەڵداو لە ئاگاکردنـەوەی ژنـان لـە ســـەر مافـــەکانیان نەخشـــێکی گرنگیـــان گێـــڕاوە. حاکمـــانی کۆنەپەرستیش کە فکرەنو زاتـەن دوژمنایەتییان لەگـەڵ پێشـکەوتنی ژناندا هەیە، بە هـەموو شـێوەیەك کۆسـپیان خسـتۆتە سـەر ڕێیـانو بـــەردەوام سانســـۆریان دەخســـتە ســـەر گۆڤـــارو ســـایتو وێبلاگـــەکانیانو تەنانـــەت دایـــان دەخستن. بەخەیاڵی خۆیـان پێیـان وابـــووە پێشـــی ئـــەو بزووتنەوەیـــە دەگـرن کـە لەگـەڵ هاتنەسـەرکاری کۆمـــاری ئیســـلامییەوە ســـەری هەڵداوەو بۆتە هـۆی ئابڕووچـوونی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی‌دا.

یـەکێك لـەو گۆڤارانـەی کـە ١٦ ساڵە بـە هـەوڵو تێکۆشـانی ژنـان دەردەچێ گۆڤـاری "زنـان"ە. ئـەم گۆڤارە لەگەڵ ئەوەی بـە زمـانێکی نەرم باسی لە کێشەو گیروگرفـتو ئازارەکـانی ژنـان لـە کۆمەڵگـەدا دەکرد، ئەویش کەوتە بەر غەزەبی سیاسـەتی "هەیئـەتی چـاوەدێری بەسـەر گۆڤـارو بڵاکراوەکـان دا". دیــارە بەڕێوەبــەرانی گۆڤـــاری "زنـــان" نووســـینەکانیان زۆرتـــر ڕاپۆرت، وتـاری ڕەخنـەییو هێنانـە بەرباسی یاسـاکانی پێوەنـدیدار بـە میرات، مافی سەرپەرستیی منـداڵ، دیە (خوێن بـایی)و مـافی سیاسـیی بۆ ژنان لە لایەن لایەنی ناسـراو بـە کۆنـــەخوازان و هەواڵـــەکانی پێوەندیـدار بـە ژنـانو کێشـەو گرفتـەکانیان بـوو. ئـەوەش ئاشکرایە کە ئـەم بابەتانـە لەسـەر ئـاڵوگۆڕو فـەزای گشـتیی نێـو کۆمەڵگـە بـە قـازانجی ژنـان کاریگەریی موسبەتی هەبووە. هـەر بۆیە حاکمانی کۆماری ئیسلامی کـــە پاڵپشـــتێکی قـــایمی پیاوســـالارینو قـــەت نـــەیان ویسـتوەو نایانـەوێ خـەڵك لـە ڕاســـتییەکان بگـــاو فـــەزای کۆمەڵگـەی ئێـران بـە قـازانجی ژنـان و بەرابـەریی ژنو پیـاو ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا بـێ، بۆیـە ژەهری خۆیان ڕشتو کۆتاییان بـە تەمـەنی ١٦ سـاڵەی ئـەم گۆڤـارەش هێنـا. هەیئـەتی چاوەدێریی بەسەر بڵاوکراوەکاندا بە بڵاوکردنـەوەی ڕاگەیانـدراوێك، ڕایگەیانـد کـە مۆڵەتنامـەی مانگنامەی "زنان" ڕادەگرێ. لـە ڕاگەیاندراوەدا ئـەو گۆڤـارەی بـە گۆڤارێکی پڕ لە سەرپێچی ناوبرد گـوتراوە هەرچـەند بـە قسـە (شـەفاهی) چـەندین جـار بەرپرسـەکەیمان ئاگـادار کردۆتەوە، بـەڵام هـەر درێـژەیان بـەم سەرپێچـییانە داوە. لـە بەشـێکی دیکـەی ڕاگەیاندراوەکەدا هـاتوە کـە ئـەو گۆڤارە وتارو بابـەتی فێمینیسـتیی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمەش دژایـەتیی هەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئیسلامو هـــەروەها هێنـــدێك بابـــەتی ژمارەکـانی گۆڤـاری "زنـان" لـە خزمەت تێکدانو زیـان گەیانـدن بـە بەسیجو ڕەش نیشاندانی مەسەلەی ژناندا بووەو بۆتـە هـۆی شـێواندنی ئەمنییەتی ڕەوانیی خوێنەرانی ئەم گۆڤارە.




**لە ماوەی ٢٩ ساڵی ڕابردوودا سەرکوتی ژنان یەکێك لە سەرەکیترین کارو بەرنامەکانی حاکمانی کۆماری ئیسلامی بووە. تەرحو بەرنامەی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا لە دژی ژنان لە بەرزترین پلەکانی حکوومەتی‌دا هاتوونە بەرباسو بڕیار لەسەردان**

ڕێـژیم پێـی وایـە بـە داخسـتنی بڵاوکراوەیـەکی ژنـان یـان بەنـد کردنـی هێنـدێك لـە چـالاکانی مافـەکانی ژنـان، ئـەو بزووتنـەوە سەرانسەرییەی ژنان کـە ئـەمڕۆ لـە ئێرانـــدا هەیـــە کۆتـــایی دێو پێشـێلکارییەکانی مافـەکانی ژنـان لەلایەن ڕێژیمەوە ئیتر ناگاتە گـوێی کۆمەڵگـەی جیهـانیو چـی دیکـە ئابڕوویان ناچێ. بەڵام بـا دڵنیـا بـن داخسـتنی بڵاوکراوەکـانی ژنـانو کۆسـپ خسـتنە سـەر ڕێگـای چالاکانی مافەکانی ژنان، سەرەتای شـەپۆلیکی دیکـە دەبـێ بـۆ ناڕەزایـەتیی زیـاتری ژنـان و ئابڕووچـوونێکی دیکـە دەبـێ بـۆ حکوومەتەکـەیان، ئـەم کارانـەی ڕێژیم ژنان لەسـەر خـەبات سـوورتر دەکاو جار لەگەڵ جار بەئـەزموونتر دێنە مەیدانەوە بۆ دژایەتی کردنـی پێشێلکارانی مافەکانیان.

**ناڕەزایەتییـەکان لـە پێوەنـدی لەگـەڵ داخرانـی مانگنامـەی "زنان"دا:**

وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاگەیاندراوێکدا داخرانی گۆڤاری فێمینیستیی "زنـان"ی لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە بـە کـارێکی دزێـوو مـەحکووم نـاوبرد. هەروەها لەو ڕاگەیانـدراوەدا هـاتوە هەڵوەشـانەوەی مۆڵـەتی ئـەو گۆڤارەو داخرانی ژمارەیەکی دیکە لە بڵاوکراوەکان لـەم چـەند ساڵەی دوایی لە ئێراندا، لەگەڵ بەیاننامەی جیهـانیی مـافی مرۆڤـی ڕێکخـراوی نەتەوە یـەکگرتووەکان دا دژایـەتی هەیە.

هـــەر لـــەم پێوەندییـــەدا هـــەواڵنێرانی بێ‌ســـنوور بڕیـــاری داخرانی گۆڤاری "زنـان" لـە لایـەن کۆمـــاری ئیســـلامییەوەیان بـــە کردەوەیـــەکی نـــاڕەوا نـــاوبردو مەحکوومیان کرد.

ئەو ڕێکخراوەیـە دەڵـێ هەیئـەتی چاوەدێری بە سەر بڵاوکراوەکان لە ئێـــران دا گوتوویانـــە هۆکـــاری داخستنی ئەم گۆڤارە، چاپ کردنی زانیاریی پرسیار خـولقێن لـە بـاری ئـەخلاقی، نیشـانداني سـیمایەکی تاریك لە کۆماری ئیسلامی بووە.

ئەنجومـــــەنی ژنـــــانی ڕۆژنامەوانانیش لـە ئێـران لـە دژی داخرانـــی مانگنامـــەی "زنـــان" نارەزایەتییان دەربڕی. ئەنجومـەنی ژنانی ڕۆژنامـەنووس، لـە ئێـران لـە دژی داخرانـی گۆڤـاری "زنـان"دا ڕاگەیانـدراوێکیان بـڵاو کـردەوەو لەودا پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو بە سـەرنجدان بـە ئـەرکی مێـژوویی خۆیـان کـە پشـتیوانی‌یە لـە تێکۆشـانی زانیـاریو هـەواڵ گەیانـدنو بـە تایبـەت ژنـانی هەواڵنێر، وێـڕای مـەحکووم کردنـی ئـەم کـارەی کۆمـاری ئیسـلامی خوازیـاری هەڵوەشـانەوەی ئـەم بڕیـارە ناڕەوایـە بەسـەر ئـەو گۆڤارەدا بوون کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە ژنـانی ڕۆژنامـەوان تێکۆشـانیان تێی‌دا هەبوو. هەروەها لەسـەر ئـەو بڕوایەن کە داخرانـی "زنـان" بـەبێ ئاگادارکردنـــەوەی پێشـــتر، شێوازێکی تـازەی دیکـەی کۆمـاری ئیسلامییە بۆ سەپاندنی سانسۆری زیـاتر بـە سـەر بڵاوکراوەکـان داو سەرکوتی ئازادیخوازان.

هەر لـەم پێوەندییـەدا، زیـاتر لـە سـەد کـەس لـە مامۆسـتایانی زانکۆکان، تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ، کەسـایەتییە فەرهەنگییـەکانو وەرگرانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ئێـران، ئـەمریکاو وڵاتـانی دیکـەی جیهـان لـە نامەیـەك دا کـە ڕۆژی یەکشـەممە ١٠ی فیوریـە بـۆ کاربەدەستانی حکوومەتی ئێرانیان نـاردوە، تێـی‌دا ناڕەزایـەتییان لەسـەر داخرانـی گۆڤـاری "زنـان" دەربڕیوەو ڕایانگەیانـدوە کـە ئـەم کـارە پێشـێل کردنـی ئـازادیی دەربڕینەو لەگەڵ هـیچ پێوانەیەکدا ناگونجـێو خوازیـاری هەڵوەسـاندنەوەی ئـەو بڕیـارە بوون. ئیمزاکەرانی ئـەو نامەیـە کـە ژمارەیـەك کەسـایەتیی ناسـراویان تێدابوو کـە هێنـدێکیان بـریتین لـە: یورگن هابرماس فیلسۆفی ناسراوی ئاڵمانی، نوام چومسکی مامۆسـتای زمانناسـیو نووسـەری کتێبـە سیاسـییەکانو هالـەی ئیسـفەندیاری، مـودیری بەرنامـەی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت وودرۆ ویلسۆن لە واشنگتۆنو هەروەها لـە نێو وەرگرانی ئاشـتیی نـۆبێلیش دا شـیرینی عیبـادی لـە ئێـرانو بتـی ویلیامز لە ئیرلەندو جودی ویلیـامز لە ئـەمریکاو چـەند کەسـایەتییەکی دیکە.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 480 19 Feb 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# بەسەر بەرزی ژیاو بە ناکامی مرد

قادر وریا

**لە ٢ی رەشەمەی ١٩٩١، چەند حەوتوویەك پێش راپەڕینە مەزنەکەی ئازادیی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان لەژێر چنگاڵی رێـژیمی زۆرداری تاوانکـاری بەعسـی لێکەوتـەوە، هـەژاری موکریـانی، شـاعیر، وەرگێـڕ، زمانەوانو خەباتکاری ماندوویی نەناس کۆچی دوایی کرد. بە پێویستم زانی بەم چەند دێڕە یادی ئەو مامۆستا بە خزمەتە بکەمەوە**

* * *

پێکهاتنی کۆمەڵـەی ژێ ـ کـافو ئەندامـەتیی هـەژاری موکریـانی لـەو کۆمەڵەیەدا، لەو رووداوانەن کە مەسیری ژیانی ئەو مرۆڤەیان بۆ هەمیشـە ساخ کردەوە. هەژار، بیستەمین ئەندامی کۆمەڵە بووە. بە دامـەزرانی ژێ ـ کـافو بـەرین بوونـەوەی چوارچـێوەی تێکۆشـانو پـەرەگرتنی نفـووزو خۆشەویستیی ئەو رێکخراوەیە، هەژار جگە لەوەی تروسکەی هومێدی لە شەوە زەنگی ژیانی گەلەکەیدا بەدی کـردو وەك پەپوولـە لـە دەوری ئـەو رووناکییە هالا، دەرەتانی ئەوەشی بۆ پێك هات کە هـەموو توانـای خـۆی بخاتــە خزمــەت بــەرەوپێش بردنــی ئامانجــە پــیرۆزو لــە مێژینــەکانی نەتەوەکەی کە ئێسـتا لـە دروشمـەکانی کۆمەڵـەدا رەنگیـان دەدایـەوە. قەسیدەی "عەقڵو بەخت"و شێعری جۆراوجۆری ئەو سەردەمەی هەژار، بە دەستنووسو زاربەزارو یا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ((نیشتمان)) لەو دێیەوە بۆ دێیەکی دیکە، لەم ناوچەیە بۆ ناوچەیەکی دیکەو، لە شـارێکی کوردسـتانەوە بـۆ شـارێکی دی، حـوجرە بـە حـوجرە، دیوەخـان بـە دیوەخانو مال بە ماڵ دەگەڕانو، نوستوویان لەخەو رادەپەراند، بـانگی کوردایـەتیان بـڵاو دەکـردەوە، خـەڵکیان بـۆ کۆبوونـەوە لـە دەوری ژێ ـ کاف، بـۆ پـاڵ وێـك دانو یەکیـەتی، بـۆ هاتنـە مەیـدانو رامـاڵینی تـەمی ستەمی سەدان ساڵە بانگەواز دەکرد.

بەڵام ئەرکی هەژار لەو سەردەمەدا هەر شـێعر گـوتنو شـاعیری نیـە، ئەو بە زۆر شێوەی دیکەش بەشداری بـەرەو پـێش بردنـی ئـەو ریسـالەتە دەکا کە کۆمەڵە کەوتۆتە سەر شانی. هەژار یەکێك لەو سێ کەسـە بـووە کە بە نوێنەرایەتی لە لایەن ژێکافەوە چوون بۆ دیتنی نوێنـەرانی حیزبـی هیواو، پەیمانە مێژووییەکەی سێ سنووریان مۆر کردوە.

هەژار لەو رۆژەوە کە چارەنووسی خۆی لە گەڵ چارەنووسی خـەباتو تێکۆشانی گەلی کورد لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە ئازادیـدا گـرێ دا، تـا ئـەو رۆژەی گڵەبانی چاوانی کرا، پێغەمبەری راپـەرینو بـەرخودانو کۆڵنـەدان بـوو، دڵـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی رزگاریخوازانـەی گەلەکەیـدا لێـی دەدا. شێعری هـەژار، چـەکی بـەرەنگاریی پێشـمەرگەی کـوردو سـروودی سـەر زاری تێکۆشەرانی کوردستانە. تەمی ناهومێدی دەرەوێنێتەوەو لە پشت تەبـەق تەبـەق هـەوری رەشـدا، دوارۆژی روونـاك بـە لاوانـی کـورد نیشـان دەدەن. شێعرو نووسینی هەژار نموونەیەکی یـەکجار گـەشو گشتگیر لـە ئەدەبی بەرەنگاریی گەلی کورد لە نیو سەدەی رابردوو دان. هـەژار هـەقی خۆی بوو کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە لایـەن پێشـەوا قـازی محەممەدی نەمر نازناوی شاعیری میللیـی پێدرابوو. چونکە هـیچ کـەس وەك ئـەو لـەو سـەردەمەدا بـە شـێعر تـەعبیری لـە هەڵوێسـتو ئـیرادەی میللیی گەلەکەی نەکردوە.

هــەژار، ئەگەرچــی لــە دوای رووخــانی کۆمــاری کوردســتانەوە تــا تێکشکانی شۆرشی کورد لـە کوردسـتانی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٧٥ دا، بـۆ ماوەی ٣٢ ساڵ لە موکریانو کوردستانی ئێران دوور بوو، بـەڵام چـاوێکی هەروا لەسەر ((پەنجەرەی رۆژهەڵاتی زامەکان))ی بوو. لە هەر دەرفـەتێك بۆ لەقاودانی ئەوەی دەسـەلاتدارانی رێـژیمی شـایەتی بـە سـەر کوردیـان هێنـا، کـەڵکی وەردەگـرتو نەیهێشـت ئاگرێـك کـە ژێکـافو حیزبـی دێموکراتو قازی محەمەد لە مەهابادو چوارچـرا کردیانـەوە، لـە کوانـووی شێعرەکانیدا خۆڵەمێشی فەرامۆشییان لەسەر بنیشێ.

هــەژار ئەگــەر لــە ژیانـدا، بــێ وەسـتانو مانـدوویی ناسـین، بـۆ بڵاوکردنـەوەی بـیری نەتـەوەییو شـەکاوە راکرتنـی ئـاڵای کوردایـەتیو خزمەتی زمانو فەرهەنگو مێژووی نەتەوەکەی، تێکۆشا، بـە مەرگیشـی، کوردستانی هەژاندو گەلی کوردی خرۆشاند. خەڵکی کوردستانی ئێران بەو بەشدارییە جێی شانازییەیان لە بـەخاك سپاردنو پرسـەو سەرەخۆشـیی هەژاری نەمرداو بەو کۆڕو کۆبوونەوانـەی بـۆ رێزنـان لـەو مرۆڤـە بلیمەتـە پێکیان هێنا، نیشانیان دا ئەو زانا گەورەو دڵسۆزەی:

ژینی خۆی کردە فیدای خۆشیی کورد لە رێی ئازادی بە ناکامیی مرد

وەك ئەو شەهیدانەی دوژمنانی کورد لە چوارچراو لە وییەنو بێرلینو هەرچی شوێنە گیانی لێ ستاندن:

کێلیان بۆ مە داری ئاڵان گەنجێکن ناچن بە تاڵان
بۆ کوردی هەژار سەرمایەن بۆ دیواری خەبات پایەن

# پەروین ئەردەڵان خەڵاتی ئولاف پاڵمە وەردەگرێ



خەڵاتی ٢٠٠٧ی ئولاف پاڵمـە لـە سـوئێد دەدرێ بـە چالاکی مـەدەنیو خـەباتکاری بـواری مافـەکانی ژنـان، پەروین ئەردەڵان.

خـەڵاتی پاڵمـە کـە یەکسـاڵ دوای کـوژرانی ئـولاف پاڵمــە ســەرۆك وەزیرانــی ســوئێد، واتــە لــە ســاڵی ١٩٨٧ەوە هەموو ساڵێ لـە رۆژی ٣٠ ژانویـە واتـە رۆژی لـە دایکبـوونی پاڵمـە، بـە کەسـانێك یـان بـەو بنکـەو بنیاتانـە دەدرێ کـە لـە بـواری مـافی مـرۆڤ و ئاشـتیو نەهێشتنی هەڵاواردندا تێکۆشابن.

پـەروین ئـەردەڵان کـە یەکێکـە لـە بناخەدانـەرانی ناوەنـدی فەرهـەنگیی ژنـان، تـا ئێسـتا چـەندین جـار سـەبارەت بـە چـالاکییە مەدەنیـەکانی دەستبەسـەرو زیندانی کراوە. ئەو یەکێك بوو لە بەرێوەبەرانی گۆڤاری داخـراوی "زنـان"و هـەروەها سەرنووسـەری بڵاوکـراوە ئینترنێتیـی" تریبـونی فیمینیسـتی ئێـران"و ئەنـدامی دەستەی نووسەرانی گۆڤـاری"زنستان" کـە هـەموویان دوای ماوەیەك کارکردن، داخـران. ئـەو ئێسـتا ئەنـدامی دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی "گۆڕان بۆ بەرابەری"یە.

لێژنەیەکی تایبەت کە بۆ چاوەدێریی بەخشینی ئـەم خەڵاتـە پێکهـاتووە، رۆژی ١٣ی فێوریـە لـە شـاری ستۆکهۆڵم رایگەیاند کە بۆیە رێز لـە تێکۆشـانی خـانمی ئەردەڵان دەگیرێ چونکە ئـەو مافـەکانی ژنـانی کرد بە سەرەکیترین بەشی تێکۆشـانی خـۆی لـە پێناوی دێموکراسی لە ئێراندا.

خـەڵاتی پاڵمـە رادەکـەی ٧٥ هـەزار دۆلارەو ساڵی رابردوو بە هاوبەشی درا بـە کـوفی عـەنان سـکرتێری نەتـەوە یـەکگرتووەکانو موسـاد محەممـەد عـەلی چـالاکڤانی سـودانی. پـەروین ئـەردەڵان سـاڵی ١٣٥٠ لـە شـاری سـنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە.

# نوێترین ژمارەی "لاوان"




ژمـارەی ٢٩ی "لاوان" کـە بڵاوکـراوەی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانە چاپو بڵاو کرایەوە. ئەم ژمارەیـەی لاوان کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجـۆری سیاسـی، رۆژنـبیری، ئـەدەبی، کۆمەڵایـەتی، زانسـتیو وەرزشـیی لەخۆ گرتوە.

# فێستیڤاڵی جگەرخوێن لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو



رێکـەوتی ٢١ی رێبەنـدانی ٨٦ی هـەتاوی، فیسـتیڤاڵی جگـەرخوێن شـاعیری بـەرگریو بـەرخودان لـە هـۆڵی پێشـەوا لـە شـاری هـەولێر بەڕێوە چوو. ئەم فیستیڤاڵە کە لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتانداو لـە لایـەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بەرێوە بـرا بـە زایەڵـەی هەسـت بزوێنـی موسیقای تیپی دهۆكو دەقیقەیـەك بێدەنگی بـۆ رێزگـرتن لـە گیـانی شـەهیدانی کوردسـتان دەسـتی پێکرد.

دواتـر نـەوزاد هـادی پارێزگـاری هـەولێر وتەیـەکی سـەبارەت بـە مەبەستەکانی فیستیڤاڵو هـەروەها جگـەرخوێنی شـاعیر پێشکەشـی بەشـداران کـردو بـەدوای ئـەودا پـەیامی سـەرۆکی شـارەوانیی دیاربەکر عوسمان بایدەمیر، پەیامی یەکیـەتیی نووسـەرانی کـورد لقـی هـەولێر خوێندرایـەوە. پاشـان فەلەکـەدین کاکـەیی وەزیـری رۆشـنبیریی حکوومـەتی هـەرێمی کوردســتان وتــارێکی لــەم پێوەندییـەدا پێشـکەش کـرد. لـە درێـژەی بەرنامەکانـدا پـەیامی یەشار کەمال گەورە رۆماننوسی کــورد، پــەیامی یەکیــەتیی نووســەرانی عێــراق، پــەیامی وەزارەتــی رۆشــنبیریی عێراقــی فیــدراڵ، چــەند شــێعرێکی جگــەرخوێن خــوێنو پــەیامی بنەماڵـــەی جگـــەرخوێن خوێندرایەوە.

شــیاوی ئاماژەیــە کــە ژمارەیەکی بەرچاو لـە بەرپرسانی حکوومـــەتو روونـــاکبیرانو نووســـەرانو شـــاعیرانو هونەرمەنـــدانو کەســـایەتییە سیاســیەکانو ئەدەبدۆســتانو، نوێنـەرانی حیـزبو رێکخراوەکـانی کوردسـتان بەگشـتیو رۆژهـەڵاتی کوردسـتان بەتایبـەتی بەشـداری فیســتیڤاڵ بــوون کــە لــەم پێوەندییـەدا دەکـرێ ئامـاژە بـە هەیئـەتێکی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان بکرێ کە پێکهاتبوو لـە بەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە تێکوشەری دێرینی کورد (کە پەیامی تایبەتی ئەو لـە فستیڤاڵ دا پێشکەش کرا)و جەلیل گادانیو حوســین مــەدەنی ئەنــدامانی راوێژکاری دەفتەری سیاسی.

# پرۆژەی سێوی مێخەکرێژ لە باشووری کوردستان



بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە کچو کورە عاشقەکانو چەند شاعیر ســێیەم پــرۆژەی" ســێوی مێخەکرێژ"ی هونەرمەندی شێوەکار سـەیوان سـەعیدیان لـە هـەولێر بەرێوە چوو.

سـەر لـە بـەیانیی پێنجشـەممە ١٤ی فێوریــە لــە هــۆڵی هوتێـل چوارچرا لە هەولێر بە ئامادە بوونی ژمارەیـەك کـچو کـوری عاشـقو ژمارەیەك لە دەزگاکانی راگەیاندنی کـوردیو بیـانی، پـرۆژەی سـێوی مێخەکرێژ لـە هـەولێر بـەرێوە چـوو. جێگـای ئاماژەیـە هاوکـات ئـەم پرۆژەیـە لـە شـارەکانی (دهـۆك، سـلێمانیو کـەرکوکیش) بـەرێوە چوو. پرۆژەی سێوی مێخەکرێـژ لـە دوو ساڵ لەوە پێشـەوە لـەم رۆژەدا بــەرێوە دەچــێو ئەمســاڵ بــە شێوەیەکی بەر فراوانتر بەرێوەچوو. شایانی باسە لـە پـرۆژەی ئەمساڵی سـەیوان سـەعیدیاندا ٩٩شـاعیر، ٩٩لاوی عاشـــقو ٩٩نیگـــارکێش بەشـداربوون. لـەم پرۆژەیـەدا ٩٩ لاوی عاشـق سـێوی مێخەکرێـژیان دروســـت کـــردو ٩٩شـــاعیر شــــێعرەکانیان لەلایــــەن ٩٩نیگارکێشەوە کرا بە تابلۆ. دواتـر سێوە مێخەکرێژکراوەکان دەدرێ بە نیگارکێشـەکانو نیگارکێشـەکانیش تابلۆکانیان دەدەن بە شاعیرەکان. شـایانی باسـە سـەرجەم کارەکـانی ئەم پرۆژەیە لە کتێبێکی هونـەریدا چاپو بڵاو دەکرێتەوە.

## مرواریی دەریای وشە

ژن وەك بلـوور ناسـکە هـەرگیز هـەوڵ مـەدە خۆراگرییەکەی تاقی بکەیەوە چونکە لەوانەیـە بشکێ. (سێروانتس)

رادەی کارامەیی ئێوە هەرچـییـەك بـێ توانـای ئێـوە لـەوە زیـاترە کـە تـا ئێسـتا بـە کـردەوە نواندووتانە. (جیمزتی. مەك کەی)

لــەو کەســەی دوورەولاتیــی دیــوە بایــەخی نیشتمانی بابو باپیران بپرسە. (ئەردی مەزن)

شمشێر دەتوانێ گیان لـە لـەش جیـا بکاتـەوە بەڵام هەرگیز ناتوانێ بیرو باوەڕێك لـە مێشـکی کەسێك وەدەربنێ. (کالۆن)

ئەمن نازانم بـاپیرم کـێ بـوو بـەڵام ئـەو خاڵـەم بەلاوە گرنگترە کـە بـزانم نەوەکـەی دەبێتـە چ کەسێك. (ئابراهام لینکۆڵن)

